# بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێوە

**شڤان حمه صديق عبدالرحمان[1]، صالح عمر عيسا[2]**

[1] بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

پرسی کورد، وەک نەتەوەیەکی گەورەی بێدەوڵەت، پرسێکی ئاڵۆز و چارەسەرنەکراوە؛ کورد دابەشی چوار دەوڵەت بونە کە تێکەڵاویی ئیتنیکی و مێژویی و جوگرافی لەنێوانیان هەیە. دەوڵەتانی دەوروبەری کورد، هەمیشە بونی کوردیان وەکو مەترسی بەسەر ئاسایش و یەکگرتویی خاکی دەوڵەتەکانیان تەماشاکردووە، پرسی کورد بە گشتی، هەمیشە سەرچاوەی نیگەرانی ئاسایشیی بووە بۆ دەوڵەتانی دەوروبەر، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە شوناسی کورد لە لایەن هەر چوار دەوڵەتەوە بە ئاسایشکراوە. بە تێڕوانینی قوتابخانەی کۆپنهاگن، دەوڵەت لە ڕێگەی لاوازکردنی شوناسی، لاواز دەکرێت. بە تێڕوانینی ڕیاڵستەکان، ئەکتەرێکی سیاسی دەشێت لە ڕێگەی هەڕەشەی سەربازییەوە لاواز بکرێت. لەم چوارچێوەیەدا پرسی کورد کەوتووەتە بەر پڕۆسەی بەئاسایشکردن لە لایەن دەوڵەتانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا؛ لە جیاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کورد وەک شوناسێکی جیاوازی خاوەن زمان و کولتور و مێژوی ڕەسەنی خۆی، وەک بەشێک لە کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە، بە مەترسییەک بینراوە کە دەبێت لەناوببرێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، لاوازکردنی شوناسی کورد هەنگاوی یەکەمی پڕۆسەی بەئاسایشکردنی کورد بووە. دەوڵەتانی دراوسێ توانیویانە سەرکەوتوانە بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە ڕێگەی گوتار و زمان لە هزر و زهنیەتی تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەت بچێنن.

**وشە سەرەکییەکان:** بەئاسایشکردن، زمان، شوناس، پاکتاوکردنی ڕەگەزی، کورد.

## پێشەکی

ئاسایش بەهایەکی سیاسییە و وابەستەیە بە پاراستن و مانەوەی دەوڵەت و هەر کیانێکی سیاسی، مانەوە لە ڕێگەی پتەوکردنی کۆمەڵێک ڕەگەزی سەرەکیی سیاسی و سەربازی و ئابوری و ئاسایشیی هەر یەکەیەکی دەوڵەتی و نا دەوڵەتی مسۆگەر دەکرێت، بە جۆرێک بتوانێت لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکان لە ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆیی خۆی بەهێز بکات. لێرەدا هێزی ئابوری و سەربازی تا ئەندازەیەکی زۆر دەستنیشانی ڕادەی مانەوە و بەرگریی دەوڵەت و کیانێک دەکات. لەم سیستەمە جێکەوتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیشە مەترسیی هەبووە بۆ سەر ئەو نەتەوانەی  سەروەرییان نەبووە و خوازیاری خۆپاراستن و مانەوە بون. نەتەوەی کورد، کە دابەشی سەر دەوڵەتانی عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا بون، نمونەیەکی دیارە کە هەمیشە بووە بە سەرچاوەی پڕۆسەی بەئاسایشکردن و لاوازکراوە. واتە کورد هەر هەنگاوێکی نابێت بۆ بەهێزکردن و پارێزگاریکردنی لە شوناسی نەتەوەیی، لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە بە فشاری سیاسی و سەربازی بە توندترین شێوە ڕێگریی لێکراوە. ئەم ڕێگریانە زۆرجار لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی، سەرکوتکردن، بێناسنامەکردن، تەعریبکردن ئەنجام دراون و کاریگەریی گەورەیان لەسەر کورد دروستکردووە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێوە بخاتەڕو، هەروەها شیکردنەوە بۆ ئەو هەنگاوە سەربازی و سیاسیانە بکات کە لە ئاستی سیاسی، سەربازی، کلتوری و ئابوری گیراوەتەبەر بۆ  لێدان لە شوناسی کوردی کە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەتانی دراوسێ، کە کوردیان بەسەردا دابەشبووە، بینراوە. ئەو هەنگاوانەی لە چوارچێوەی پڕۆسەی بەئاسایشکردنی پرسی کورد جێبەجێ کراون، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر لاوازکردنی پایەکانی نەتەوەی کورد هەبوە، کە ڕیشەیەکی مێژوییی درێژ و تێکهەڵکێشی لە ڕوی نەتەوەیی، مێژو، جوگرافیا و زمانەوە لەگەڵ نەتەوەکانی باڵادەست لە دەوڵەتانی تورکیا، سوریا، عێراق و ئێراندا هەیە. بە واتایەکی دیکە پرسی کورد لە ناوچەکە هەمیشە وەک سەرچاوەی هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی دەوڵەتانی دراوسێ تەماشاکراوە و لە ڕێگەی بەئاسایشکردنی  (securitization) پرسی کورد هەوڵی بنبڕکردنی ئەو

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٠ ئەیلوول ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٤ تشرینی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٢ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر:  shvan.abdulrahman@su.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ شڤان حمەصدیق عبدالرحمن، صالح عمر عیسا، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp341-353

هەڕەشەیە دراوە.

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک بەڵگە پێشکەش دەکات، کە پرسی بەئاسایشکردنی پشتڕاست دەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ خستنەڕوی بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە لایەن هەر چوار دەوڵەتەوە. توێژینەوەکە لە ڕێگەی خستنەڕوی یەک نمونەی بەئاسایشکردن لە هەر یەکێک لە دەوڵەتانی عێراق، سوریا، تورکیا و ئێران، هەوڵی سەلماندنی پرسی بەئاسایشکردنی کورد دەدات.

**ئامانجی توێژینەوەکە**: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕوی ئامرازە سیاسی و سەربازییە بەکارهێنراوەکان لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، هەروەها ڕونکردنەوەی ئەو هەنگاوانەی کە دەیسەلمێنێت دەوڵەتانی دراوسێ وەک پرسێکی ئاسایشی تەماشای کوردیان کردووە، هەروەها کاریگەرییەکانی بەئاسایشکردن لەسەر دۆخی کورد لە ناوچەکە دەخاتەڕو. هاوکات ئەو ئەڵتەرناتیڤە سیاسیانە دەخاتەڕو، کە دەشێت وەک چارەسەر بۆ پرسی کورد جێبەجێ بکرێن. توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چۆن پرسی کورد لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە بە ئاسایش کراوە و بە چ میکانیزمێک دەوڵەتانی دراوسێ هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کوردیان داوە؟

توێژەر هەوڵدەدات ئەم مشتومڕە(argument) پەرەپێبدات کە کێشەی سەرەکیی دەوڵەتانی دەوروبەر، بە شێوەیەکی گشتی، لەگەڵ پرسی کورد گرفتی ئاسایشین. تێڕوانینە لە شوناسی کوردی، وەکو هەڕەشەیەک لەسەر یەکگرتویی خاکی دەوڵەتانی دراوسێ. مامەڵەکردنە لەگەڵ خواست و مافە سیاسییەکانی کورد بە ئامرازی سەربازی و بەکارهێنانی توندوتیژی. دەوڵەتانی دراوسێ تا ئەندازەیەک ئامادەن مافەکانی کورد لە چوارچێوەی مومارەسەکردنی کولتوری قبوڵ بکەن، بەڵام مافەکانی کوردیان لە ئاستی سیاسی وەکو دەسەڵات قبوڵ نییە و بە هەڕەشەیەکی گەورەی تەماشا دەکەن. بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و گەیاندنی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر پشتی بە سەرچاوە دووەمیەکان (secondary sources) بە زمانی کوردی و ئینگلیزی بەستووە. لە لایەکی دیکەوە هەوڵدراوە ناوەرۆکی گوتار و بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی بەرپرسانی هەر چوار وڵاتی ناوچەکە شیبکرێنەوە، بە مەبەستی شیکردنەوە و خستنەڕوی چۆنیەتیی بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە ڕێگەی زمان و گوتارەوە.

## بەئاسایشکردنی پرسی کورد و توێژینەوەکانی پێشو:

کۆمەڵێک توێژینەوە پێشتر لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورد وەکو کێشەیەکی ئاسایشی نوسراون، بۆ نمونە لە کتێبی دوای سەد ساڵ لە سیڤەر، کورد لە کوێوە بۆ کوێ؟ کۆمەڵێک توێژینەوەی شیکارییە بۆ شرۆڤەکردنی سیاسەت، کردار و روئیای دەوڵەتانی دراوسێ بەرامبەر بە کورد، لە پاش پەیماننامەی سیڤەر. کتێبەکە لە نوسینی کۆمەڵێک نوسەری کوردە، لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان لە ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە. لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا، دکتۆر شێرکۆ کرمانج کاری لەسەر دو چەمکی سەرەکی کردووە لە پەیوەندیدا بە هەڵسوکەوتی دەوڵەتانی دراوسێ لەبەرامبەر کورد، ئەویش چەمکی بەئاسایشکردن و چەمکی بە کەمینەکردنە. خاڵی بەهێز لەم کتێبە بریتییە لە ئاماژەدان بە پرۆسەی بە کەمینەکردنی کورد نەک لە ڕێگەی ژمارە و قەبارە و جوگرافیا، بەڵکو بە کەمینەکردنی کورد لە چوارچێوەی توانەوەی پێگەی سیاسی، نەتەوەیی، ئاینی، زمانی، کۆمەڵایەتی و کولتوری نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. ئەم پرۆسەیە پەیوەندیدارە بە تێڕوانین و مامەڵەی نەتەوەی باڵادەست لەو دەوڵەتانە و ڕوانگەی هەر چوار دەوڵەت بۆ پرسی کورد کە وەکو پرسێکی ئاسایشی تەماشاکراوە. کتێبەکە نەچۆتە وردەکاریی چۆنیەتیی بەئاسایشکردنی پرسی کورد، بەڵکو شیکردنەوەی بۆ هەوڵ و پلانەکە کردووە کە دەوڵەتان بەشێوەیەکی سیستەماتیکی هەوڵی بێبەشکردنی کوردیان داوە لە مافی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و ئامانجیان ئەوە بووە کورد وەکو پێگە و کاریگەریی سیاسی هەمیشە بێدەسەڵات و کەمینە بێت لە هەرچوار دەوڵەتدا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش هەر چوار دەوڵەت، بە هەمو ئامرازێک، توندوتیژییان بۆ سەرکوتکردنی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی کورد وەکو هەڕەشەیەک لەناوببەن. هەروەها کتێبێکی دیکەی گرنگ لەسەر هەمان پرس، بریتییە لە کتێبی هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی، چ جۆرە پەیوەندییەک؟ کە لێکۆڵینەوەیەکی دکتۆر زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەدە لە لایەن دامەزراوەی کوردستان٢٤ بۆ توێژینەوە و ڕاپرسی لە ساڵی 2022 لە شاری هەولێر بڵاوکراوەتەوە. توێژینەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەییە (Critical Analysis Approach) بۆ دەستنیشانکردن و شرۆڤەکردنی کێشە سیاسی و ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و دۆزینەوەی بنەڕەتی مەترسییەکان بە ئامانجی پێشکەشکردنی ئەنجامێکی جیاوازتر. بۆ نوسینی کتێبەکە میتۆدی جۆریی (Qualitative Method) بەکارهاتووە. توێژینەوەکە تیۆریی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی(regional security complex theory)، بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێدا جێبەجێ دەکات، بە جۆرێک نیگەرانییە ئاسایشیەکانی ئەم ئەکتەرە سیاسییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی پتەو پێکەوە بەستراون و هەر جوڵەیەکی ئاسایشی کاریگەریی گەورە لەسەر ئاسایشی دەوڵەتی دیکەی هاوسنور دروست دەکات.

خاڵی بەهێز لەم شیکاریە خوێندنەوەیە بۆ پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، کە پێیوایە سروشتی پەیوەندیی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ بنەمایەکی جێگیری نییە و بەردەوام لە گۆڕاندایە لەگەڵ پێشهات و نیگەرانییە ئەمنی و سیاسییەکان، هەندێک جار پەیوەندیی دۆستانەی کورتخایەن، هەندێک جار ململانێیەکی دوژمنکارانەی درێژخایەن، کەوا مەترسیی گەورە بۆ سەر ئایندە و مانەوەی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن. توێژەر پێیوایە بەردەوام گۆڕانکاری لە شێوازی دۆستایەتی و دوژمنایەتیی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ، وابەستەیە بەوەی هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتیی پرسی کورد دەکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەسەر ئەم

بنەمایە دەوڵەتانی دراوسێ ئەم تێکەڵاویە نەتەوەیی و کولتوری و سیاسییە بە پرسێکی ئاسایشی دەبینن و بەردەوام بە گومانەوە لە هەنگاو و جوڵە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەڕوانن. هەروەها توێژینەوەی (The Securitization and De-Securitization of Kurdish Societal Security in Turkey, Iraq, Iran, and Syria) توێژینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە، لەلایەن توێژەر هاوڕێ حەسەن حەمە لە ساڵی 2020 لە گۆڤاری (world Affairs) بڵاوکراوەتەوە. توێژینەوەکە هەوڵدەدات بونی کورد لە ناو پرۆسەی بەئاسایشکردنی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. توێژەر هەوڵیداوە ئەو ئەڵتەرناتیڤانە دەستنیشان بکات، کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە پرسی کورد بهێنرێتەوە دۆخی ئاسایی و بە نائاسایشی بکرێت (de-securitization) ئەمەش لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی فیدراڵیزم و دابەشکردن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات کە تاوەکو ئەندازەیەکی زۆر دەتوانێت ئارامی و جۆرێک لە دڵنیایی سەبارەت بە مانەوەی کوردەکان فەراهەم بکات و لە هەمان کات سەقامگیریی ئەمنی بۆ هەر چوار دەوڵەت دابین بکات کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە. بێگومان ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان لەناو دەوڵەتی عێراق، کە تا ئەندازەیەکی زۆر بووەتە مایەی بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و جۆرێک لە ئاسایشی بۆ پاراستن و مانەوەی شوناسی کوردی لەم بەشەی کوردستان دروستکردووە.

توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکات کە ئەزمونی هەبونی فیدراڵیزم بۆ دەوڵەتانی تورکیا و ئێران نەگونجاوە و قابیلی جێبەجێکردن نییە لە ژینگە و فەزایەکی پڕ لە دڵەڕاوکێیی ئەمنیی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کۆمەڵەیەکی ئاسایشی پڕ کێشمەکێش و مەترسییە و بەردەوام نیگەرانی ئەمنی بە خێرایی دەگوازێتەوە. هاوکات هەر چوار دەوڵەت لە چرکەساتی دروستبونیانەوە هەوڵی پاراستن و بەهێزکردنی سەروەری و پاراستنی شوناسی خۆیان، لەسەر حیسابی لە ناوبردنی شوناسی کورد لە هەر چوار دەوڵەت داوە. سەرباری بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە لایەن دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق لە ڕابردودا، بەڵام ئەم پرۆسەی بەئاسایشکردنە نەبووەتە مایەی ڕەوینەوەی نیگەرانیە ئاسایشییەکانیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە کوردەکان زیاتر هۆشیار و چاوکراوە بون و بەرگری لە مافی سروشتیی سیاسیی خۆیان دەکەن و بەردەوام خەبات بۆ بەدیهێنانیان دەکەن. بۆیە باشترین چارەسەر جێبەجێکردنی مۆدێلی فیدراڵییە؛ لێرەدا پێشنیازی سیستەمی دابەشکردنی دەسەڵات دەکرێت (power-sharing system) بەتایبەت لەو شوێنانەی کە قووڵایی کوردیان تێیە بە جۆرێک بتوانن خۆیان حوکمڕانی خۆیان بن .هەروەها لە توێژینەوەی هەردو لێکۆڵەر ئەسناسیۆس مانیس و تۆماس کۆڤالیک، لە دیسەمبەری ٢٠١٦ بە ناونیشانی (The Catch-22 in Nineveh: The Regional Security Complex Dynamics between Turkey and Iran)، لە شێوەی توێژینەوەی سیاسەتی (policy research) لە لایەن دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوکراوەتەوە. توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ دەستنیشانکردنی بارودۆخی سیاسیی عێراق کە کێشە و نیگەرانییە ئاسایشییەکانی بە قووڵی وابەستەیە بە دینامیکیەتی ئاسایشی ناوچەیی و هەروەها گۆڕانکارییەکان بە قووڵی کاریگەری لەسەر ئاسایشی دەوڵەتانی دراوسێ دروستدەکەن، بە تایبەت تورکیا و ئێران. لەم توێژینەوەیە ململانێکان لەسەر موسڵ وا نیشان دەدرێت کە بە ئاسایش کراوە، نەک تەنیا لە ڕێگەی ئەکتەرە ناوخۆییەکانەوە، بەڵکو کێشەی موسڵ بە ئاسایش کراوە بە هەمان شێوە لە لایەن هاوپەیمان و دراوسێکانی عێراقەوە.

لە ڕێگەی جێبەجێکردنی تیۆری ئاسایشی هەرێمی، توێژینەوەکە پیشانی دەدات کەوا هەردو دەوڵەتی ئێران و تورکیا بەرژەوەندیی ئاسایشیی دیاریکراویان لە پارێزگای نەینەوا هەیە و هەوڵدەدەن لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی گروپی لۆکاڵیی دیاریکراو لە سنوری پارێزگای موسڵ بەدەستی بهێنن. ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری دەربارەی جەوهەری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی و بە تایبەت شێوازەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی، سروشتی ناکۆکییەکان و هەڵسوکەوتی نێوان پێکهاتەکانی پارێزگای نەینەوا دەخوێنێتەوە و رونی دەکاتەوە کە لە قۆناغی پاش داعش، هێزە هەرێمییەکانی وەکو ئێران و تورکیا لە دڵەڕاوکێ و دوڕیانێکی ئاسایشیدان وەکو لە ئەنەلۆژی ( Prisoner's dilemma) دەردەکەوێت بە تایبەت لە پاش ساڵی ٢٠١٤ و تێکشکانی سوپای عێراق و کۆنترۆڵکردنی خاکێکی بەرفراوانی پارێزگای نەینەوا لە لایەن داعشەوە. توێژەر دەڵێت: بەهۆی دەستتێوەردانەکانی تورکیا لە عێراق، کەرکوک و نەینەوا و جێگیرکردنی هێز لە ناوچەکە، تورکیا و ئێران بە واقیعی بونەتە بەشێک لە کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە وردی باسی پرۆسەی بەئاسایشکردنی پرسی کورد و هەوڵدان بۆ لاوازکردنی شوناسی کوردی لە ڕێگەی لێدان لە توخمە سەرەکیەکانی شوناسی کوردی وەکو زمان، کولتور، مێژو بە شێوەی جیاواز و لە ئاست و قۆناغی جیاوازدا بکات، هەروەها چۆنیەتیی پرۆسەی بەئاسایشکردن شیدەکاتەوە، کە تەنها لە ئاستی دەوڵەت نەبوە؛ بەڵکو لە ئاستی دامەزراوە و ڕێکخراو و تاکەکان جێبەجێکراوە و ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لە شوناسی کورد هەبوە.

## ١- چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ پرۆسەی بەئاسایشکردن

بە تێڕوانینی قوتابخانەی کۆپنهاگن، بەدەستهێنانی ئاسایش ئامانجێکی ڕەهایە، ڕەوایە بۆ دەوڵەت بە هەر پێوەرێک هەوڵی پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت بدات. بۆ ناساندنی چەمکەکان و پیشاندانی شێوازەکانی پرۆسەی بەئاسایشکردن، ئەم بەشە دابەشی دو باسی سەرەکی دەکەین. لە باسی یەکەمدا باس لە چەمکی بەئاسایشکردن دەکەین وەکو لقێکی توێژینەوەی ئاسایشیی قوتابخانە ڕەخنەییەکان، (critical security approaches) کە ڕەهەندێکی بونیادگەرانەی هەیە لە توێژینەوەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. هەروەها لە باسی دووەمدا باسی شێواز و چۆنیەتیی ڕودانی پرۆسەی بەئاسایشکردن دەکەین.

**١.١ ناساندنی چەمکی بەئاسایشکردن (Securitization Concept)**

ئەم چەمکە بۆ یەکەم جار لە توێژینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکارهات، پاش ئەوەی ئۆلی وەیڤە لە ساڵی 1995 لە ئارتیکڵێکی ئەکادیمیدا دای دەرێژێت،" پاشان لە ڕوی میتۆدۆلۆژییەوە دادەڕێژرێتەوە لە کتێبی (ئاسایش، چوارچێوەیەکی نوێ بۆ شیکردنەوە). لە سەرەتادا ئەم چەمکە لای ئۆلی وەیڤە بە مانای (گوتار) بەکار دەهێنرێت، کە لە بەرگێکی زمانیدا خۆی دەردەخات و پرسێک وەک هەڕەشەیەکی وجودی تەماشا دەکات، واتە جەختی زیاتر لەسەر گوێگرە، کە لە ڕێگەی گوتارەوە ئامادە دەکرێن .(Buzan et al, 1998, p.26-33) " چەمکی بەئاسایشکردن بۆ بەپەلە ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکان و هۆکاری دروستبونیان، لە ئاستەکانی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، داڕێژراوە. ئەم تیۆرییە "لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاتنراوە، کە ئاسایش حەقیقەتێکی بابەتی نییە، بەڵکو چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئاسایش وەک دروستکردنێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی بەئاسایشکردنی پرسەکان شیدەکاتەوە" .(Raymann, 2014, p. 243)

ئەمە واتای ئەوەیە کە مەرج نییە هەڕەشە ئاسایشییەکان لە واقیعدا وەک فاکتێک بە سروشتی هەبن، واتە هەڕەشەکان بە شێوەیەکی تەواو بونیان نییە و خۆیان دەرناخەن، بەڵکو لە لایەن ئەکتەری بەئاسایشکردن دروست دەکرێن و بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئامانجێکی دیاریکراو لەقەڵەم دەدرێن. هەردو زانای قوتابخانەی کۆپنهاگن کە بەشێوەیەکی سەرەکی داڕێژەری پرۆسەی بەئاسایشکردنن، بەم شێوازە پرۆسەی بەئاسایشکردن دەناسێنن و دەڵێن: "بەئاسایشکردن پرۆسەیەکە کە تیایدا پرسێک، لەلایەن دەستەبژێرێکەوە، بە پرسێکی ئاسایشی ناودەنرێت، پرۆسەیەکە کە پرسێک لەباروودۆخی ئاسایی دەردەهێنێت و دەیباتە حاڵەتێکی ئاسایشییەوە، دەیکات بە پرسێک کە هەڕەشەیە لەسەر ئاسایش و ستراتیژ و سیاسەتی دەوڵەت.(Waever, 1995, p. 55)"

بە شێوەیەکی گشتی چوارچێوەی پرۆسەی بەئاسایشکردن ( securitization process) لە بوارەکانی کۆچ، تەندروستی، سیاسەتی جوداخوازی و مافی کەمینەکان، بە تایبەت لە پاش قۆناغی شەڕی دژەتیرۆر بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جێبەجێ دەکرێت. لێرەدا گوتار وەک جوڵەیەکی بەئاسایشکردن بەکاردێت و دەبێتە ئامرازی بەئاسایشکردن لەسەر بنەمای ڕەزامەندیی خەڵک. شایەنی باسە تاوەکو ئێستا چەمکی بەئاسایشکردن وەکو چوارچێوەیەکی تیۆری، بۆ خوێندنەوەی هەڵسوکەوتی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان و چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو تاوانانەی کە سنوری دەوڵەتان دەبڕن، بەکارهاتووە، بێجگە لە جێبەجێکردنی بەسەر خواستی جوداخوازی، سەربەخۆیی مافی سیاسی، ئابوری، کولتوری و نەتەوەیی کەمینەکان. ئەم تیۆرییە بەشێوەی سەرەکی پشت بە هەندێک ڕەگەزی سەرەکی دەبەستێت، وەک: زمان، دامەزراوەکانی دەوڵەت، خەڵک و چوارچێوەی کارکردن بۆ سەرکەوتن و ڕەوایەتیدان و پاڵپشتیکردنی پرۆسەکە. بۆیە دەکرێت بگوترێت "بەئاسایشکردنی پرسێک هیچ پەیوەندیی بە کەتواری هەڕەشەکەوە نییە، بەڵکو لە ڕێگەی گوتارەوە هەڕەشەکە دیزاین دەکرێت، ئەم هەڕەشەیە هەمیشە وەکو بڕاردەیەکی سیاسی هەیە (Waever, 1995, p. 54) ". واتە پرسێک دەبێتە هەڕەشەیەکی ئاسایشی کە دەستەبژێرێکی سیاسی ڕایدەگەیەنن و وەکو هەڕەشەیەکی وجودی لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی دەوڵەت دەیناسێنن. لێرەدا بەربەستی سەرەکی ئەوەیە کاتێک پرسێک بەئاسایشدەکرێت، لە پرسێکی ئاسایی کە جێگەی ئەولەویەتی دەوڵەت نییە و بابەتێکی لاوەکییە، دەبێت بە پرسێک کە ئەولەویەت وەردەگرێت و پێویستی بە کرداری بە پەلەیە بۆ لە ناوبردنی هەڕەشەکە. بۆیە دەکرێت بڵێین کە تیۆری بەئاسایشکردن ئاڵنگارییەکە بۆسەر ئەو پرسانەی کە دەچنە چوارچێوەی پرۆسەکە و مەترسییەکی جددی دروست دەکات لەسەر بون و مانەوەیان. لە باسی دووەمدا بە تێروتەسەلی باسی میکانیزم و شێوازەکانی ڕودانی پرۆسەی بەئاسایشکردن دەکەین کە لەلایەن دەستەبژێری سیاسیی دەوڵەتەوە بۆ پرسێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێت.

**٢.١ شێواز و میکانیزمی پرۆسەی بەئاسایشکردن**

پرۆسەی بەئاسایشکردن بە کۆمەڵێک شێواز و ڕێوشوێنی تایبەت ئەنجام دەدرێت، خەسڵەتێک کە دەوڵەت و ئەکتەرە سیاسییە ئاسایشخوازەکان پشتی پێ دەبەستن، تاوەکو پرسێک بکەن بە پرسێکی ئاسایشیی ئەوەیە کە" زمانی ئاسایش بەکاردەهێنن، پرسێک بەئاسایش دەکەن کاتێک وەکو هەڕەشەیەکی بەپەلە دەیبینن لەسەر ئامانجێکی دیاریکراو، کە ئەو ئامانجە دەشێت دەوڵەت، هەرێم، کۆمەڵگە یان گروپێکی دیاریکراو بن" (Buzan et al, 1998, p.26). لێرەدا پرۆسەی بەئاسایشکردن، کەلای قوتابخانەی کۆپنهاگن دیزاینکراوە، دەریدەخات کەوا ئاسایش پێدراوێکی سروشتی نییە، بەڵکو بە ورياییەوە مامەڵەکردنی سیاسەتمەداران و بڕیاربەدەستانی دەوڵەتە بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی نیشتمانی. ئەم کرداری بەئاسایشکردنی پرسەکان بەشێوەی سەرەکی لە ڕێگەی زمان ئەنجامدەدرێت. میکانیزمەکانەکانی بەئاسایشکردن بریتین لە "کۆکردنەوەی کۆمەڵێک پراکتیز لە ڕێگەی بەکارهێنانی (میتافۆر، ئامرازەکانی سیستەمی سیاسی، وێناکردن، ئەنەلۆژی و بەراوردکردن، گێڕانەوە و سۆز) لە لایەن ئەکتەری ئاسایشخوازەوە، هەوڵ دەدات خەڵک ئامادە بکات بۆ دروستکردنی گروپێکی پێکەوەبەستراوی کاریگەر لەسەر هەستەکان و بیرکردنەوە و ڕوداوەکانی خەڵک و ئامادەکردنیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەیەک (Balzacq, 2011, p. 3)". وەک دەردەکەوێت، جەوهەری تیۆری بەئاسایشکردن بریتییە لە ئامادەکردنی خەڵک بۆ قبوڵکردن و پاڵپشتیکردنی پرسێکی بەئاسایشکراو لە ڕێگەی زمانەوە. ئەم پاڵپشتیکردنە دەبێتە هەنگاوی دەستپێک بۆ شەرعیەتدان بە هەر هەنگاوێک بۆ لەناوبردنی سەرچاوەی هەڕەشەکە. لێرەدا دەکرێت هەڕەشەکە دروستکراو بێت و حەقیقی نەبێت.

باشترین نموونە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە شێوازی ڕودانی پرۆسەی بەئاسایشکردن ئەوەیە کاتێک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان کەمینەیەک لە کۆمەڵگەیەکی فرە نەتەوە و

کولتوردا هەوڵی پاراستنی شوناسی خۆی دەدات، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی دەوڵەت تەماشا دەکرێت، بۆیە لە وەها بارودۆخێک، بونی شوناسی جیاواز چی دیکە وەک خاڵی بەهێز تەماشا ناکرێت لە ناو کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە؛ بەڵکو لەلایەن نەتەوەی زۆرینە، کە دەوڵەت بەڕێوەدەبات، وەک نیگەرانییەکی ئاسایشیی گەورە تەماشا دەکرێت، کە دەبێت کۆتاییی پێ بهێنرێت. بۆ نمونە، پرسی کۆچکردن وەک دیاردەیەکی جیهانی کە بە هۆکاری جیاواز ڕوودەدات، کاتێک دەکرێتە پرسێکی ئاسایشیی و وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی هەژمار دەکرێت، چی دیکە کۆچبەر و کۆچکردن دیاردەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو هەڕەشەیەکە کە دەبێتە مایەی نیگەرانییەکی قووڵ بۆ دەوڵەت.

واتە کۆچ لە دیاردەیەکی ئاساییەوە بەئاسایش دەکرێت و دەبێتە هەڕەشە و ئەولەویەتی بڕیاردەبەستانی دەوڵەت و کار بۆ لەناوبردنی سەرچاوەی هەڕەشەکە دەکەن، ئەویش یان لە ڕێگەی جەنگ، توندوتۆڵکردنی سنور، دەرکردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی بێبەشکردن و ... هتد. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بگوترێت: بەئاسایشکردن بریتییە لە "پەیڕەوکردنی جۆرێک لە سیاسەتکردن لە ڕێگەی زمانی کردار، دەربارەی هەڕەشەیەکی دیاریکراو لەسەر مانەوەی کیان بە ڕەزامەندیی دامەزراوەی پەیوەندیدار، کە ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێنی بەپەلە و وازهێنان لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئاسایی (McDonald, 2008, p. 567)". واتە ئەو میکانیزمەی لە پڕۆسەی بەئاسایشکردن لەبەرامبەر پرسێک دەگیرێتە بەر، بریتی نییە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئاسایی، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەنگاوی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەکە بریتییە لە گرتنەبەری سیاسەتێکی نائاسایی بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەی هەڕەشەکە، کە دەشێت هەبێت و دەشێت دروستکراو بێت.

بۆیە دەکرێت بگوترێت پڕۆسەی بەئاسایشکردن بریتییە لە "پڕۆسەیەک کە پرسێک دەباتە دەرەوەی فەزای سیاسیی ئاسایی و ڕەهەندێکی ئەمنیی پێ دەبەخشێت، هەروەها ڕاستەوخۆ شەرعیەت بە دامەزراوەی پەیوەندیدار دەدات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی نائاسایی بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە " (Waever, 1995, p. 55). لە پڕۆسەی بەئاسایشکردندا کردارێک پەیڕەو دەکرێت، پێچەوانەی کرداری سیاسییە. هەروەها دەڵێت "ئاسایش لێرەدا فۆڕمێکی پێچەوانەی سیاسەت وەردەگرێت، چونکە سیاسەت زیاتر ئەگەری زمانی دیالۆگ و بەشداریی کراوەی جیاوازییەکان لەخۆدەگرێت" (McDonald, 2008, p. 568). لەسەر ئەم بنەمایە، کۆی پڕۆسەی بەئاسایشکردن پڕۆسەیەکی نائاساییی سیاسییە و هەوڵدانە بۆ بەکارهێنانی هەمو ئامرازێکی ئەمنیی بەردەست بۆ لەناوبردنی هەڕەشەیەک و هیچ فەزایەکی سیاسیی عەقڵانی ڕەچاو ناکرێت بۆ دیالۆگ و بەشداریکردن و ڕێککەوتن. بە واتایەکی دیکە "خەسڵەتی جەماوەر یاخود خەڵک لە تیۆری بەئاسایشکردن، لەسەر سێ گریمانەی سەرەکی بنیاتنراوە: یەکەم، ناوەندێتیی خەڵک، دامەزراوە و ئاژانسی پەیوەندیدار لەم چوارچێوەیەدا، هێز و هەڵسوکەوت و ئامرازەکانی بەردەستی دەسەڵات بۆ بەکارهێنان (Balzacq, 2011, p.3)" . هەروەها "بەئاسایشکردن ئەوکاتە ڕودەدات، کە جوڵەی ئاسایشیی لە لایەن جەماوەرەوە (Leonard & Kaunert, 2011, p. 58)". قبوڵ دەکرێت واتە"بەئاسایشکردن پێویستی بە ڕەزامەندیی فەرمی و نافەرمیی هەمو جەماوەر نییە، بەڵکو پێویستی بە ڕەزامەندی و پاڵپشتیی بەشێکی جەماوەر هەیە بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی بەئاسایشکردن" (Fred Vultee, 2011, p. 83).

وەک دەردەکەوێت سەرکەوتنی پڕۆسەکە بە ڕەزامەندیی جەماوەر و بەدەستهێنانی سۆز و هەستی خەڵکەوە پەیوەندیدارە، کە لە سیستەمێکی دیموکراسی ڕەنگە بەشێک لە هاونیشتمانیان بن و لە سیستەمێکی سیاسیی نا دیموکراتیش زیاتر لایەنگرانی ئایدیۆلۆژیای هێزی باڵادەست و دەستەبژێرێکی سیاسین. بۆیە "بۆ ئەوەی قەناعەت بە خەڵک بکرێت تاوەکو ڕێوشوێنی توند بەرامبەر پرسێکی بە ئاسایشکراو بگیرێتە بەر، ئەکتەری بەئاسایشکردن دەبێت زێدەڕۆیی لە ئاستی هەڕەشەی دروستکراو بکات و بیکات بە واقیعێک کە قابیلی پاشەکشەکردن نەبێت (Eroukhmanoff 2017, 106)." ئەمەش ئەو ئارگۆمێنتە دەسەلمێنێت کە لە چوارچێوەی پڕۆسەی بەئاسایشکردن، هەڕەشەکان دروست دەکرێن و گەورە دەکرێن. خاڵی مەترسیدار لێرەدایە ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ بەئاسایشکردن و بەمەترسی ناساندنی پرسێک بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە، هەمو ئامرازێکی توندوتیژی ڕەوایە بۆ لەناوبردنی سەرچاوەی ترسەکە. ئەمە لە کۆمەڵگە فرە کولتور و فرەنەتەوەکان گەورەترین مەترسیی بەردەم پێکهاتە جیاوازەکانە، وادەکات هەرگیز نەتوانن لە ئاسایش و مانەوەی خۆیان دڵنیا بن.

باشترین نمونە لەم ناوەندەدا بریتی بوو لە پڕۆسەی شەڕی دژی تیرۆر لەپاش هێرشەکانی 9/11، کە ئەمریکا لە ناو ژینگە و چوارچێوەیەکی دیاریکراو، توانیی سەرکەوتوانە قەناعەت بە خەڵک بکات کە هێرشەکان بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق ڕەوان، هەروەها ڕەوایەتیدان بە دروستکردنی گرتوخانەی گوانتانامۆ، ئەشکەنجەدانی بەندییەکان، توندوتۆڵکردنی چاودێریی خەڵک بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی وڵات، بەکارهێنانی درۆن و زۆر پرسی دیکە، ئەنجامی قەناعەتکردن بو بە خەڵک لە ڕێگەی زمان و گوتارێکی تایبەتەوە. بۆیە سەرکەوتن و شکستی هەنگاوەکانی بەئاسایشکردن، بەتەواوەتی وابەستەن بە خەڵک کە ڕەهەندی سەرەکییە لەم پڕۆسەیەدا. کاتێک خەڵک قەناعەت بەهەڕەشەیەک دەهێنن و وەک مەترسییەکی وجودی لەسەر خۆیان دەینوێنن، پڕۆسەی بەئاسایشکردن تەنیا لە ئاستی دەوڵەت جێبەجێ ناکرێت؛ دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی کۆمەڵگا و تاک، لێرەوە فیکر و زیهنیەتی دوژمنکاری و ئامرازەکانی ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر بەوەی دیکە، کە وەک هەڕەشە دەبینرێت، زیاد دەکات. بۆیە هەوڵی پڕۆسەی بەئاسایشکردن لە بریی بەدیهێنانی ئاشتی، هەندێک جار کۆمەڵگا بەرەو ململانێ و توندوتیژیی گەورە دەبات. واتە دەکرێت بگوترێت کە پڕۆسەی بەئاسایشکردن وەکو چەکێکی دوسەر وایە و هەندێکجار ئەنجامەکانی پێچەوانەی ئامانجەکانی بەدەست دێن. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەک کلارا ئیرۆکمەناف ئاماژەی بۆ

دەکات "بەئاسایشکردنی سەرکەوتوانە، ئەو دۆخەیە کە وەبەرهێنان لە ئاسایش دەکرێت و ڕێوشوێنە دیموکراتییەکان و مافەکان ڕادەگرێت و هەنگاوی نائاسایی دەهاوێژێت" (Eroukhmanoff , 2017, p. 107).

## ٢. جێبەجێکردنی پرۆسەی بەئاسایشکردن

بەئاسایشکردن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بە هەبونی کۆمەڵێک ئامراز و ئەنجامدانی کۆمەڵێک هەڵسوکەوت، جێبەجێ دەبێت. هەروەها "پێشمەرجەکانی وەکو ڕێکخستن و ئامرازەکانی توانایی، لە سەرکەوتنی هەر جوڵەیەکی بەئاسایشکردندا کاریگەرن (Balzacq, 2011, p. 7) ". لێرەدا مەبەست لە ڕێکخستن کۆمەڵێک ئامرازی سیاسییە وەکو یاسا و ڕێسا و دۆکیۆمێنتە نوسراوەکان، هەروەها ئامرازەکانی توانایی بریتین لە سەرچاوە مادی و نا مادییەکان وەک بونی زانیاریی دروست، ڕاهێنان و توانا و هێزی جێبەجێکردنی بڕیار و ڕێنماییەکان. هەروەها هەیکەلیەتی ڕاسپێردراو بۆ جێبەجێکردن بریتین لە (دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی جێبەجێکردن و هێزە ئاسایشیەکان) کە نوێنەرایەتیی توانای دەوڵەت دەکەن. ئەم بەشە دابەشی دوو باسی سەرەکی دەکرێت، لە باسی یەکەمدا باسی ئامرازەکان و پێشمەرجەکانی پرۆسەی بەئاسایشکردن دەکرێت، لە باسی دووەم باسی ئاسایشی کۆمەڵگە و شوناس دەکرێت، بە مەبەستی نیشاندانی ئەوەی پرۆسەی بەئاسایشکردن بە شێوەیەکی سەرەکی سەرقاڵی بەئاسایشکردنی شوناسە.

### ٢. ١ پێشمەرجەکانی پرۆسەی بەئاسایشکردن

بەئاسایشکردن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک ئامراز و بونی کۆمەڵێک پێشمەرج ڕودەدات. لێنز ڕەیمەن دەڵێت پرۆسەی بەئاسایشکردن لە "چوارچێوەیەکدا ڕودەدات کە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی بەئاسایشکردن، ئەوانیش چوارچێوەیەکی نزیک و دوری بەئاسایشکردنن. (Raymann, 2014, p.251)" لێرەدا مەبەست لەوەیە پرۆسەی بەئاسایشکردن لە ژینگەیەکی دیاریکراودا ڕودەدات و سیستەمێکی سیاسیی دیارکراو جێبەجێی دەکات. ژینگە و جۆری سیستەمی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای ئەکتەری بەئاسایشکردن، کاریگەرن لەسەر جۆری بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی لەبەردەستن لە پرۆسەی بەئاسایشکردن و چۆنیەتیی سنورداركردن و لەناوبردنی ئەو هەڕەشەیەی دەستنیشان کراوە. چوارچێوەی بەئاسایشکردن، بۆ پرۆسەی بەئاسایشکردن جەوهەرییە "چوارچێوەی دور وەسفی ئەوە دەکات چۆن و بۆچی بەئاسایشکردن ڕودەدات، چوارچێوەی نزیک بریتییە لە ئامرازە خێراکانی دەستتێوەردان و جێبەجێکردنی پرۆسەی بەئاسایشکردن (Wilkinson, 2011, p.107)". بە واتایەکی دیکە، کۆنتێکستی دور بریتییە لە خستنەڕوی هۆکارەکان و چۆنیەتیی پرۆسەی بەئاسایشکردن، هەروەها کۆنتێکستی نزیک بریتییە لە خستنەڕوی ئەو ئامرازانەی بەکاردەهێنرێن، لەسەر چ بابەتێک و تا چ قۆناخێک بەئاسایش دەکرێت و هەنگاوە ئاسایشییەکان چین بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەی هەڕەشەکە؟ لێرەدا زۆرترین کێشە لە تیۆری بەئاسایشکردن، بریتییە لە شەرعیەتی جێبەجێکردن و ئەو میکانیزم و گوتارەی دەگیرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشەیەک. خەسڵەتێکی دیکەی گرنگ، دەشێت وەک پێشمەرج و ئامرازی سەرکەوتنی تیۆری بەئاسایشکردن تەماشا بکرێت، بریتییە لە پەیوەندیی هێز. مەبەست لەم پێشمەرجە ئەوەیە کەوا هەر جوڵەیەکی ئاسایشی، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی پەیوەندیدار و خەڵک دەبێت، کە هۆکاری سەرەکیی شەرعیەتن لە پرۆسەی سەرکەوتنی بەئاسایشکردندا. بۆیە بەئاسایشکردن "جوڵەیەکی ئاسایشیی مەرجدارە لەڕێگەی بانگەشەکردنێکی کاریگەر سەبارەت بە هەڕەشەکان، چونکە بەئاسایشکردن ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پەیوەندیی هێز هەیە، کە هاوکار دەبێت بۆ شیکردنەوەی ئەوەی ئاسایش چییە و چی دەکات (Balzacq, Léonard & Ruzicka, 2016, p. 503)".

شایەنی ئاماژە پێدانە، لە پرۆسەی سەرکەوتنی بەئاسایشکردندا، بەشێکی گەورەی ئەم پرۆسەیە دەکەوێتە سەر شانی هێزی دەستەبژێر، کە ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەنجامدانی جوڵەیەکی بەئاسایشکردن و ناساندنی پرسێک بە هەڕەشەیەکی ئاسایشی، هەروەها دەستنیشانکردنی لایەن و سەرچاوە سەرەکییەکانی هەڕەشەکە و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەگەر هێزی دەستەبژێر ئامرازەکانی بەردەستیان بەپێی پێویست نەبێت بۆ قەناعەتکردن بە خەڵک بۆ ئەنجامدانی جووڵەیەکی ئاسایشیی، ئەوە لە پرۆسەکەدا لەبریی سەرکەوتن، شکست دەبێتە ئەنجامێکی حەتمی. وێڕای خستنەڕوی میکانیزمەکانی تیۆری بەئاسایشکردن، گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە بەئاسایشکردن لێرەدا دەبێتە میکانیزم و ئامرازی لەخۆگرتن و دورخستنەوە؛ لە خۆگرتن لێرەدا بریتییە لە پاڵپشتیکردنی هەندێک گروپ و لایەن لە کۆمەڵگە لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە، ئامرازی دورخستنەوە بریتییە لە دروستکردنی هەڕەشەی گەورە بۆ سەر شوناسێکی دیاریکراو و ئەنجامدانی هەنگاوی توندی گۆشەگیرکردن، کە ڕەنگە ببێتە مایەی نەک تەنیا لاوازکردن بەڵکو لەناوبردنی شوناس و بونی ئەو پرس و لایەنەی کە بەئاسایش کراوە. لە پرۆسەی بەئاسایشکردندا "ناکرێت پرسە ئاسایشییەکان بۆ ئەگەری گەیاندنی ئازار کورت بکرێتەوە، چونکە بانگەشەکردن بۆ بونی هەڕەشەی وجودی لە ڕێگەی هەیکەلیەتێکی ئیداری و دەستەبژێری دیاریکراو ئەنجام دەدرێت کە مایەی نیگەرانییە (Williams, 2003, p. 514)".

لێرەدا بابەتی ناساندنی پرسێک بە هەڕەشە، کێشەیە و دەشێت لە میانەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی گوتار و زمانەوە دروست بکرێت و زێدەڕۆیی لە قەبارەی هەڕەشەکە بکرێت، ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر ئەو بابەتەی بە ئاسایش دەکرێت و لە زۆربەی کاتدا پێشێلکردنی زۆری مافی مرۆڤ و ژیانی تێدا ڕودەدات و هەڕەشەیە بۆ هارمۆنیەت و پێکەوەژیان و فرە دەنگیی ناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، هەروەها لە لایەکی دیکەوە وەکو کاردانەوە ڕەنگە لەبریی سەقامگیری و ئاسایش، ململانێ و ناکۆکیی توند بهێنێتەئاراوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp341-353

لە لایەکی دیکەوە، پرۆسەی بەئاسایشکردن، پرۆسەی بانگەشەکردن و وەڵامدانەوەیە، واتە کاتێک شوناسێکی دیاریکراو هەست بکات هەڕەشە لەسەر کیان و هەبونی هەیە، ڕاستەوخۆ بۆ مانەوە و پاراستنی خۆی هەنگاودەنێت، ئەم پرۆسەیەش لە زۆربەی کاتدا بۆ ناکۆکی و توندوتیژی سەردەکێشت. هەندێکجار ڕەخنە لە پرۆسەی بەئاسایشکردن دەگیرێت چونکە ئەجێندایەکی پێوەریی ڕونی نییە بۆ کارکردن، بۆ نمونە "تیۆری بەئاسایشکردن لەسەر چ جۆرە نمونەیەکی هەڕەشە جێبەجێ دەبێت؟ باشە یاخود خراپ؟ یاخود قابیلی هەڵگێڕانەوە و بە نائاسایشکردنە یان نا؟ (Nayman, 2013, p. 60) . مەبەست ئەوەیە کە ناکرێت هەمو پرسێکی ناو کۆمەڵگە بە بڕیاری دەستەبژێری سیاسی بە ئاسایش بکرێت، ئەمە زۆربەی کات ئەنجامی کارەساتباری بۆ کۆمەڵگە هەیە. ڕەخنەیەکی دیکە ئەوەیە کە "پرۆسەی بەئاسایشکردن سنوردارە، چونکە جەختی تەنیا لەسەر زمانە، ڕەهەند و دەربڕینەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە ئاسایش فەرامۆش دەکات، هەروەها پرۆسەکە تەنها لە لایەن دەستەبژێرێکەوە ئامادە دەکرێت . (Wilkinson, 2011, p. 94)" ئەمەش ڕەخنەیەکی دیکەی ڕونە لە ئاڵۆزی و مەترسیداریی پرۆسەی بەئاسایشکردن، ئەگەر بێتو لۆژیکیانە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت. بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی بەئاسایشکردن شایەنی ڕەخنەی زۆرە، چونکە لەبری پرسی بەهەڕەشەکراو بکرێتە بابەتی گفتوگۆی هەمو خەڵک، کە جەوهەرییە بۆ هەر کردەیەکی یاسایی و وەڵامدانەوەی هەڕەشەیەک لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکانەوە، جەختەکە هەموی لەسەر قەناعەتپێکردنی بەشێک لە خەڵکە بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆسەکە. لێرەوە تێگەیشتن لە جۆر و ئاست و قەبارەی هەڕەشەکان ئاڵۆز و کێشەدار دەبێت. کەواتە " مادام پرسێک لە حاڵەتێکی سیاسیی ئاساییەوە بگۆڕێت بۆ پرسێکی ئاسایشیی و ڕێوشوێنی نائاساییی بەرامبەر بگیرێتەبەر لە ڕێگەی زمانەوە، کەواتە هەمان پرس بە هەمان ڕێکار دەکرێت بگۆڕێتەوە بۆ حاڵەتێکی ئاسایی و بە نائاساییش بکرێت" (Roe, 2004, p. 284).

ئەگەر بە شێوەیەکی سیاسی لە پرۆسەی بەئاسایشکردن بڕوانین، دەبینین زمانی بەئاسایشکردنی شوناسی کەمینەکان و کۆچ و کۆمەڵێک پرسی هاوشێوە، بریتییە لە زمانێکی دورخستنەوە. بە واتایەکی دیکە، کاتێک پرسی بونی شوناسی کەمینەیەک دەکرێت بە هەڕەشەیەکی وجودی، ئەوا ڕاستەوخۆ هەڕەشەیەکی گەورە بۆ مانەوەی ئەو شوناسە دروست دەبێت و لاواز دەکرێن و دەبنە کۆمەڵە خەڵکانێک کە شایستەی ژیان نین و دەکرێ لەناوببرێن. جێف هیوسمانز زۆر بە جوانی ئەم کێشە هەستیارەی پرۆسەی بەئاسایشکردن باس دەکات و دەڵێت "بەئاسایشکردن بریتییە لە دیالێکتیکی لە خۆگرتن و دورخستنەوە، لەم دراما ئەمنییە، تاکەکان پۆلێن دەکرێن بە خۆمانە و ئەوانی دیکە، خۆمانە ئەو کەسانە دەبێت لە خۆبگیرێن و بپارێزرێن و ئەوانی دیکەش کەسانێکن شایستەی متمانە نین و جێگەی ترسن و دەبێت دوربخرێنەوە .(Huysmans, 1995, p. 61)" لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بگوترێت پرۆسەی بەئاسایشکردن دۆخێک دروست دەکات، هیچ کەمینەیەکی جیاواز ناتوانێت داوای مافی سیاسی و ئابوری و کولتوریی خۆی بکات لە دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی فرە پێکهاتە و فرە نەتەوە و ئاییندا، چونکە بە ئاسانی دەکرێت لە لایەن دەستەبژێرێک لە ڕێگەی گوتارێکەوە بکرێت بە پرسێکی ئاسایشی، یاخود بە جۆرێکی دیکە هیچ کەسێک ناتوانێت کۆچ بکات بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی شایستەتر، چونکە وەک هەڕەشەیەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ئەم پرسانە، لەبری بەئاسایشکردن، دەکرێت دامەزراوەی سیاسی و دیموکراتی بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنیان لە وڵات بنیات بنرێت. دەبێت ژینگەیەک دروست بکرێت کە جیاوازییەکان بکرێت بە خاڵی بەهێز، نۆرم و کولتوری پێکەوەژیان دروست بکرێت، نەک ناکۆکی و دورخستنەوە. دەبێت ڕەچاوی پێکهاتە و ڕیشە مێژویی و جوگرافییەکان بەهەند وەربگیرێت و دادپەروەرانە پرسی کەمینە و جیاوازیی شوناس چارەسەر بکرێت.

ئەنجامی بەئاسایشکردن بەشێوەی زۆر کاریگەری دەکاتە سەر پەیوەندیی نێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، "پەیوەندیی نێوان کەمینەکان و دەوڵەت دەبێت وەکو پرسێکی دیموکراتیی ئاسایی تەماشا بکرێت، نەک پرسێکی ئەمنی، چونکە پرۆسەی بەئاسایشکردنی پێکهاتەیەک یان پرسێک، سەرکردە و تاک و چالاکیی شوناسێکی جیاواز تەواو سنوردار دەکات و دەیکاتە ژێر چاودێریی ورد " (Kymlicka, 2002, p. 20). لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بگوترێت بەئاسایشکردنی پرسی کۆچ و کەمینە و شوناسی جیاواز و خواستی سیاسی، هەمیشە کۆمەڵگە بەرەو لێکترازان دەبات نەک سەقامگیری، هەروەها مانەوە و بەهێزبوونی لایەنێک لەسەر بنەمای لاوازیی لایەنێکی دیکە هەمیشە دژیەکیی ئەمنی دروست دەکات. ئەم لۆژیکی بەهەڕەشەتەماشاکردن و بەئاسایشکردنە بەرامبەر هەرێمی کوردستان پەیڕەو کراوە بە تایبەت لەپاش دروستبونی هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی یاسایی دەستوری لە ساڵی 1991. لەلایەک وەکو هەڕەشەیەکی بنیاتی بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی دراوسێ تەماشاکراوە، لەلایەک وەکو هۆکاری هاوکاری و بەکارهێنانی بۆ دژایەتیکردنی پرسێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. وردەکاریی بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێوە، بە تێروتەسەل لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە دەخرێتەڕو.

## ٣. چۆنیەتیی بەئاسایشکردنی پرسی کورد لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێوە

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەنێو ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، پرسێکی ئاڵۆز و پڕ کێشەیە. دەیان ملیۆن کورد لە تورکیا و ئێران و سوریا و عێراق دەژین لەژێر دەسەڵاتێکی نەتەوەیی توند، کە بەردەوام بە شێوازی جیاواز هەوڵی نکۆڵیکردنی پرسێک دەکەن وەکو پرسی کورد لە دەوڵەتەکانیان. دەکرێت بگوترێت "هەر چوار دەوڵەت، کە کوردیان بەسەردا دابەشبووە، بەردەوام بە شێوازی جیاواز هەوڵی نکۆڵیکردنی بونی شوناسی نەتەوەی کورد دەدەن و بەردەوام کاریان بۆ سەرکوتکردنی کورد و توخمە سەرەکییەکانی شوناسی کوردی کردووە، لەڕێگەی سەربازییەوە" ( Wali, 2006,

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp341-353

p. 77). هۆکاری ئەم نکۆڵیکردنە لە شوناسی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ ترسی ئەو دەوڵەتانە لە کورد و بەردەوام وەکو هەڕەشەیەک لەسەر یەکگرتوویی خاک و ئاسایشی نیشتمانیی خۆیان هەژماری دەکەن. بە واتایەکی دیکە ئەو چوار دەوڵەتەی کوردیان بەسەردا دابەشبووە "سیاسەتێکیان پەیڕەوکردووە کە ئامانجی گۆڕینی نەخشەی ئیتنیکی کورد بووە، بە تایبەت تورکیا بەردەوام هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی شوناسی کوردی داوە" (Bruinessesn, 2006, p. 26). دەکرێت بگوترێت کە هۆکارێکی گەورەی پشت شۆڕشە کوردییە جیاوازەکان لە سەد ساڵی ڕابردوا، بەرگریکردن و خۆڕاگرتن بووە بەرامبەر بە هەوڵی لەناوبردنی کورد، پەیامێکی سەرەکیی پشت زۆربەی شۆڕشەکانیش بریتی بووە لە جەختکردنەوە لە هەبونی نەتەوەیەکی جیاواز کە خاوەن شوناسێکی تایبەت بە خۆیەتی و خوازیاری مافی سیاسی و ئابوری و کولتوریی خۆیەتی.

هەوڵی بەردەوامی دەوڵەتانی دراوسێ لەدژی شوناسی کوردی و کارکردن بۆ بەئاسایشکردنی پرسی کورد، لە ڕێگەی دەستەبژێریی سیاسی و ئامادەکردنی کۆمەڵگە، لە سەد ساڵی ڕابردودا، بۆ ئەو ترسە دەگەڕێتەوە لە کورد، وەکو نەتەوەیەکی جیاواز. هەڵبەت پرسی کورد تەواو کێشەیەکی سیاسییە و وابەستەیە بە خەباتی کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن شوناس کە هەوڵی جیاوازبون و مانەوە دەدات. هۆکارێکی دیکەی ترسی دەوڵەتانی دراوسێ لە شوناسی کورد ئەوە بووە کە بە تێڕوانینی دەوڵەتانی دراوسێ، کوردەکان ژمارەیەکی قورسن و ئەگەر بە مافە سیاسی و ئابوری و کولتورییەکانی خۆیان بگەن، ڕەنگە ببنە مایەی دابەشکاریی سەرەوەریی ئەو دەوڵەتانە. بۆیە لە پێناوی نەهێشتنی ئەو مەترسییە گەورەیە، پرسی کورد لەو دەوڵەتانە بە ئاسایشکراوە و هەمیشە خەڵک و کۆمەڵگا وا ئامادەکراون کە کوردەکان مەترسیی گەورەن لە سەر ئاسایش و بون و یەکگرتوویی دەوڵەتەکانیان. هەنگاوەکانی پرۆسەی بەئاسایشکردنی کورد لە ڕێگەی لێدان لە توخمە سەرەکییەکانی شوناسی کوردی دەستپێکردووە، وەک زمان، کولتور، مێژو، کە ئامرازی دروستکردنی هۆشیاریی کۆمەڵ و جیاوازیی شوناسی کوردی دەسەلمێنن. زمان توخمی سەرەکیی بەهێزکردن و بنیاتنانی شوناسە، "زمان بریتییە لە سیستەمێک لە ئاماژە کە لە خودی خۆیدا بەهای کولتوریی تێدایە، ئەو کەسانەی ئاخاوتن بە زمانێکی هاوبەش دەکەن جیاوازی لە نێوان خۆیان و ئەوانی دیکە دەکەن، زمان وەکو سیمبولی شوناسی خۆیان تەماشا دەکەن " (Kramsch, 1998, p. 3).هەوڵەکانی لاوازکردن و نکۆڵیکردن لە شوناسی گروپێکی دیاریکراو، سەرەتا لە لێدان لە زمانی ئەو گروپە دەستپێدەکات، "بۆ لەناوبردنی زمانێک، یان دەبێت ئەو تاک و گروپانە لەناوبەریت کە بەو زمانە قسە دەکەن، یاخود دەبێت لە ڕێگەی فشاری جیاواز هەوڵی گۆڕینی زمانی دایکیان بدەیت " (Kangas & Bucak, 1995, p. 362). ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە شوناس دەشێت لاواز بکرێت لە ڕێگەی لاوازکردن و نەهێشتنی ئەو زمانەی کە گروپێکی دیکە جیاوازیی خۆیانی پێ دەسەلمێنن.

### ٣.١ بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە عێراق

پرۆسەی بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە عێراق لە چوارچێوەی پرۆسەی ئەنفالکردنی کورد دەگاتە لوتکە؛ هەڵمەتی سڕینەوەی زمان و کولتور و بونی نەتەوەیەکە و زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەس لە ٨ قۆناغی جیاواز ئەنفال دەکرێن، لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ تاوەکو ١٩٨٨ و پاشان هەڵەبجە کیمیاباران دەکرێت، وەکو عەلی حەسەن مەجید بەڵێنی دابو. پرۆسەی ئەنفال، هەڵمەتێکی گشتگیرە بۆ سڕینەوەی شوناسی کوردی، پرۆسەی سڕینەوەی نەتەوەیەکە کە جیاوازە لە نەتەوەی باڵادەست و حوکمڕان. لەگەڵ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بە کۆمەڵێک قۆناغ جێبەجێ دەکرێت، بەڵام پرۆسەیەکی توندوتیژە لە ناوەڕۆک، پرۆسەیەکی بەرفراوانە لە ئاستی سیاسی و ئابوری و سەربازی. ئامانج لە پرۆسەی ئەنفال سەرەتا لەناوبردنی پێشمەرگە بو، کە لە دژی ڕژێمی بەعس خەباتی چەکدارییان دەکرد، بەڵام پاشان بە ئەندازەیەک بەرفراوان بو کە خەڵکی مەدەنی و ژێرخانی مرۆیی و کلتوری و ئابوریی کوردستانی کردە ئامانج. پرۆسەی ئەنفال لە بۆشاییەوە دروست نەبوو، بەڵکو ستراتیژێکی درێژخایەن بو بۆ تواندنەوەی شوناسی کوردی، کە لە پێشمەرگەوە دەستی پێکرد، پاشان درێژەی کێشا بۆ خاپورکردنی گوندەکان لەڕوی ئابوری و خزمەتگوزارییەوە. سەراپاگیریی ئەم پرۆسەیە لە ئاستی باڵا بە سەرپەرشتی و فەرمانی سەرۆکی پێشوتری عێراق سەدام حوسێن، بەڕێوەدەچوو، پاساو بۆ توندوتیژیی سەراپاگیری ئەوە بو، کوردەکان مەدەنی و سەربازییان نییە. وەکو چۆن لە نوسراوی (٩٠٤١) لە بەرواری ٢-١١-١٩٨٥ لە لایەن سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای عێراق دەرچووە و بە واژوی سەرۆکی پێشوتری عێراق دەڵێت "سەربارەت بە جیاوازی کردنی بێتاوان و تاوانبار، هەمویان هاودەنگن، یان لە ترسدا یاخود لە شەڕمدا"( saddamscruelty. Blogspot,). پرۆسەی لەناوبردنی کورد لە ئاستی دامەزراوە باڵاکانی سەربازی، هەواڵگری و ئاسایش جێبەجێ کرا و دامەزراوە باڵاکانی عێراق ئەکتەری جێبەجێکردنی پرۆسەی بەئاسایشکردنی کورد بون.

سیاسەتی بەئاسایشکردنی کورد لە عێراق، سیاسەتی مامەڵەکردن بو لەگەڵ کوردی عێراق وەکو مەترسییەک کە دەبێت بنبڕ بکرێت، هەوڵی توانەوەی شوناسی کوردی درا لەڕێگەی پاکتاوکردنی جەستەیی. ئەنفال ستراتیژێکی درێژخایەن بو بۆ سڕینەوەی کوردبون. بۆ نمونە لە نوسراوێکی مەکتەبی ڕێکخستنی باکور بە ژمارە ٤٠٠٠٨/٢٨ لە ڕێککەوتی ٢٠-٦-١٩٨٧ دەرچووە، بۆ کۆی هێزەکان لە باکوری عێراق، دەڵێت: "وێرانکاری دەبێت گشتگیر بێت و کوشتن ئازادە و بەهیچ ڕێنماییەک سنوردار نەکراوە" (saddamscruelty. Blogspot. ) شاڵاوی ئەنفال بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید، کە سەرۆکی نوسینگەی باکوری عێراق حیزبی بەعس بو، لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا جێبەجێ کرا. پرسیار ئەوەیە چۆن پرۆسەی ئەنفال پرۆسەی بەئاسایشکردنی کورد بوو؟ لە تۆمارێکی دەنگیدا کە لەلایەن ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤەوە هەمو تۆمار و تاوانەکان دیکۆمێنت کراوە، عەلی حەسەن مەجید لەگەڵ کۆمەڵێک پارێزگار و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp341-353

بەرپرسی باڵای حیزبی بەعس لە باکوری عێراق لە ١٥-٤-١٩٨٨ کۆدەبێتەوە و دەڵێت "تاوەکو هاوینی داهاتو نابێت هیچ گوندێک ژیانی تێدا بمێنێت، دەبێت تەنها لە ئۆردوگاکان کۆبکرێنەوە لە ژێر چاودێریمان، ڕێگەنادەم تەنانەت، ئارد و شەکر و گەنم و نەوتیان هەبێت، بۆچی ڕێگە بدەم ئەوان(کورد) وەکو کەرێکی بێسود بژین؟"(Human Rights Watch, 1993, p.58). شێوازی مامەڵەکردنی عەلی حەسەن مەجید و حیزبی بەعس لە پڕۆسەی ئەنفال، مامەڵەکردنێکی ئاسایشیانەیە لەگەڵ کوردەکان، هەوڵدانە بۆ ناساندنی کورد بە دوژمنی یەکگرتویی خاکی عەرەب و عێراق، هەوڵدان بو بۆ قەناعەتکردن بە خەڵک کە کوردەکان مەترسین و دەبێت لە ناو ببرێن. لە لایەکی دیکەوە لە ئاستی بەرز لە دەستەبژێری سیاسیی حوکمڕان، پڕۆسەی بەئاسایشکردن و لێدان لە کوردبون جێبەجێکرا. میکانیزمەکانی لەناوبردنی کورد لە عێراق تەنها لەڕێگەی لێدان لە زمان نەبو، تەنها قەدەغەکردنی مافە سیاسی و ئابورییەکان لە دەستور نەبو، بەڵکو پڕۆسەی پاکتاوکردن و جینۆساید بو بۆ نەهێشتنی کورد لە باشوری کوردستان. تەماشکردنی کورد بو وەکو کۆمەڵێک مرۆڤ کە مەترسین و دەبێت بکوژرێن. لە تۆمارێکی دیکەی دەنگیدا، عەلی حەسەن مەجید لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی بەعس لە شارە جیاوازەکانی باکوری عێراق کە مێژوەکەی بۆ ٢٦-٥-١٩٨٧ دەگەڕێتەوە، دەڵێت: ئێوە تاوەکو ئێستا ئەرکی خۆتان بەجێ نەگەیاندووە، پاش چەندان ساڵ هێشتا ئەو تێکدەرانە(کوردەکان) لە ژیانن، دەبێت بەو هێزە سەربازییەی لەبەردەستتانە هەمویان بکوژن، ڕاویان بنێن بۆ شاخەکان تا وەکو مەڕومالآت لەوێ بژین، سوێند بە خودا بە چەکی کیمیاوی هێرش دەکەمە سەریان و دەیانکوژم، کێ ڕامدەگرێت؟ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی؟ گو بە شەرەفی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەوەی گوێ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەگرێت". (Human Rights Watch, 1993, p. 60)

ئەم بەڵگانە دەرخەری یەک ڕاستین، ئەویش ئەوەیە، ئەنفالکردنی کورد ستراتیژێکە بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان، واتە ئەنفال تەنها پڕۆسەی سرینەوەی زمان و کلتوری کوردی نییە، بەڵکو پڕۆسەی نەهێشتنی تاکی کوردیيە کە دەخوازێت بە جیاواز بژێت. بۆ ئەم پڕۆسەیە ئامادەکاریی گەورە هەبوە لە لایەن سەرکردەکانی عێراق بۆ ڕەوایەتیدان بە هەڵمەتی توندوتیژی. هەر خودی ناونانی پڕۆسەی کوشتنی کوردەکان بە ئەنفال، کە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە و ئاماژەیە بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی دوژمنان و بێ ئاینەکان لە نێوان موسڵمانەکان، ئامادەکردنی شەقام و تاکی موسڵمانی عێراقییە بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتی بەئاسایشکردنی کورد و لەناوبردنیان وەکو مەترسیی سەر عێراق. هەوڵێک بو بۆ ناساندنی کوردەکان وەکو دژەئیسلام، دژی ڕژێمی عێراق، کە پارێزەری پایەکانی ئیسلام و نەتەوەی عەرەبە. لە مێژوی هاوچەرخی عێراق و پاش نەمانی رژێمی بەعس، هەمان وێناکردن و تێڕوانین لەسەر کورد، کە مەترسین بۆ سەر دابەشبون و لاوازبونی عەرەب و دەوڵەتی عێراق، هەیە، باشترین نمونەش بریتییە لە دۆخی کەرکوک.

کەرکوک نمونەیەکی دیکەی بەئاسایشکردنی پرسی کوردە لە عێراق. لە عێراقی نوێ، مافەکانی کورد لە دەستوردا جێگیرکراون، دەسەڵاتدرانی عێراق پراکتیزەکردنی مافەکانی کوردیان لە چوارچێوەی کولتوردا قبوڵە، بەڵام پراکتیزەکردنی مافەکانی کوردیان لە چوارچێوەی دەسەڵات و سیاسەتدا قبوڵ نییە. بە نمونەیەک ئەگەر هەوڵبدەین بۆ سەڵماندنی ئەم بۆچونە، بۆ نمونە کاتێک سوپای عێراق لە ساڵی ٢٠١٦ بڕیار دەدات لەڕێگەی هێزەوە دەسەڵاتی ناوەندی بگەڕێنێتەوە بۆ کەرکوک، کە بە پێی دەستور بە ناوچەی جێناکۆک نوسراوە، کۆمەڵێک کردار، لێدوان و گفتوگۆ هەن دەریدەخەن، کە عێراق لە سەردەمی هاوچەرخیشدا هەمان تێڕوانینی ئاسایشیانەی بۆ پرسی کورد هەیە. بۆ نمونە: کاتێک هێرشی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکوک لە ١٦ ی ئۆکتۆبەر دەستپێدەکات، توندوتیژی ئەنجام دەدرێت بۆ لاوازکردنی کورد و ڕەمزەکانی شوناسی کوردی لە شاری کەرکوک، وەکو ئاڵا. حەیدەر عەبادی سەرۆکی حکومەتی عێراقی (2014-2018) لە ساڵرۆژی ١٦ ئۆکتۆبەر و ساڵانی دواتر کۆمەڵێک دەستەواژە دەخاتەڕو، پیشانی دەدات کە ئاڵا، خاک، پێشمەرگە ئامرازی مەترسیدارن بۆ سەر دەوڵەتی عێراق و پێویستە لەڕێگەی هێزەوە ئەو سەرچاوەی مەترسییە لەناوببرێت. بۆ نمونە حەیدەر عەبادی لە ڕێککەوتی ١٦-١٠-٢٠٢٠ لە بەیاننامەیەکی فەرمی دەڵێت، "فەرمانمان کرد بە هێزە عێراقییەکان بۆ چونە ناو کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان و تەنها ڕێگەدان بە هەڵکردنی ئاڵای عێراق ئەمەش بە ئامانجی سەپاندنی یاسا لە شارێک کە سیاسییە گەندەڵەکان بازرگانییان پێوە دەکرد، هەروەها پارێزگارێکمان دانا پاش ئەوەی پارێزگارەکەی پێشو وەکو گەندەڵێک کە بازرگانیی بە شارەکەوە دەکرد هەڵهات" (www.iqiraq.news).

ئەم گوتارە لە ئامادەکردن و قەناعەتکردن بە خەڵکی عێراق لەوەی کوردەکان لە یاسا دەرچون، ئاڵای کوردستان ڕەمزی گەندەڵی بووە لە شاری کەرکوک و پاساوهێنانەوە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی لە کەرکوک بە ئامانجی گەڕانەوەی یاسا و شەڕکردن دژی گەندەڵی، دەرخەری ئەو واقیعەیە کە پرسی کورد لە زۆربەی قۆناغەکان لە عێراق وەکو پرسی ئاسایشی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، حوکمڕانیی کوردەکان لە شاری کەرکوک وەک هەڕەشەیەک تەماشکراوە کە مەترسییە لە سەر عێراق، بۆ لەناوبردنی ئەو مەترسییە، پێویست بو بە هێز ئاڵای کوردستان قەدەغەبکرێت و هێزە کوردییەکان دەربکرێن. ئەم جۆرە ئامادەکارییە لە ئاستی گوتار بۆ ڕازیکردن و ڕەوایەتیدان بە توندوتیژی، دەرخەری بەئاسایشکردنی پرسی کوردە لە لایەن دەوڵەتی عێراق لە ئێستا و ڕابردودا. هێرشی سوپای عێراق تەنها ئەنجامی ڕیفراندۆم نییە، بەڵکو ئەنجامی بەئاسایشکردنی پرسی کوردە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کاتێک کورد وەکو دەسەڵاتی سیاسی لە کەرکوک نامێنێت پڕۆسەی تەعریب و داگیرکاری و پاکتاوکردنی کورد لە دامەزراوە لۆکاڵییەکان بەردەوام دەبێت. گۆڕینی ناوی کوردیی شەقامەکان بە ناوی عەرەبی، قەدەغەکردنی زمانی کوردی وەکو زمانی ئاخاوتن لە دامەزراوەکان، لابردنی بەرپرسانی کورد لە پۆستە فەرمییەکان، ڕێگریکردن لە نەورۆز و ئاڵای کورد تاوەکو چەند ساڵێک بەردەوام دەبێت. ئامانج لەم هەنگاوەش، لاوازکردنی کورد بوو لە کەرکوک، بینینی

کوردە وەکو هەڕەشە لەسەر ئایندەی عێراق، تەماشاکردنێکی ئاسایشییانەی پرسی کوردە لە عێراق.

### ۳. ۲ بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە ئێران

هەمان ستراتیژ و بیرکردنەوە لە دەوڵەتی ئێران بەردەستە کە دەکرێت بە نمونەیەکی هاوچەرخ و زیندو پشتڕاست بکرێتەوە. مامەڵەکردنی دەسەڵاتە جیاوازەکانی ئێران لەگەڵ کورد، تا ئەندازەیەکی زۆر، هەمان تێڕوانینی دەوڵەتانی دیکەی دەوروبەری کوردن. ئێران وای نیشاندەدات کە پراکتیزەکردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی کولتور قبوڵ دەکات، بەڵام کاتێک ئەم مافانە دەچنە چوارچێوەیەکی سیاسی، نکوڵییان لێدەکرێت و وەکو هەڕەشەیەک هەژماری دەکات، بەڵام لێرەدا بە نمونەیەک دەتوانرێت بسەلمێنرێت ئێران بەهێزکردنی پایەکی شوناسی کوردی لە چوارچێوەی کولتوریش بە هەڕەشە دەزانێت ئەگەر بەشێوەی ڕێکخراو ئەنجام بدرێت. لێرەدا پشت بە یەک نمونەی زۆر نوێ دەبەستین ئەوەیش سزای زیندانی زارا محەمەدی لە لایەن دادگاوە لە ساڵی ۲۰۱۹بۆ ماوەی دە ساڵ و تەماشاکردنی چالاکییە کلتورییەکانیان وەکو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ئێران. زارا محەمەدی بەرپرسی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتیە بەناوی "نۆژین"، هاوکات زارا محەمەدی مامۆستای زمانی کوردییە و چالاکوانێکی مەدەنییە. نۆژین ڕێکخراوێکە هەوڵدەدات بۆ پتەوکردنی پایەکانی شوناسی کوردی و فێرکردنی زمانی کوردی بە منداڵانی کورد لە شارەکانی کوردستان لە ئێران. زارا لەگەڵ ئەوەی خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە جیۆپۆلەتیک، بەڵام ماوەی ۱۲ ساڵە بەشێوەی خۆبەخشانە خەریکی فێرکردنی زمانی کوردییە لە شاری سنەو گوندەکانی دەوروبەری. لە مانگی تەمموزی ۲۰۱۸ بە تۆمەتی "پێکهێنانی گروپێک دژی ئاسایشی وڵات" لە لایەن هۆبەی یەکی دادگای ئینقلابی سنە بە دادوەریی غازی سەعیدی، زارا محەمەدی بە ۱۰ ساڵ زیندانی سزادرا. دواتر ئەم حوکمە بە بڕیاری ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە مادەی ٤٧٧ لە دادگای تێهەڵچونەوە، بڕیارەکە گۆڕدرا بۆ پێنج ساڵ زیندانیکردن. وێڕای نەبونی بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی چالاکیی سیاسی لە لایەن زاراوە دژی دەوڵەتی ئێران، دەوڵەتی ئێران پێداگیرە لەسەر سنوردارکردنی چالاکییە نەتەوەییە جۆراوجۆرەکان تایبەت بە کەمە نەتەوەییەکان و بە فەرمی ڕێگری دەکات لە فێرکردنی زمانە نەتەوەییەکان لە سیستەمی پەروەردەی فەرمیی وڵاتدا، هەروەها مامەڵە لەگەڵ چالاکوانانی ئەو بوارە دەکات و وەک چالاکیی دژی "ئاسایشی نیشتمانی" ڕاپێچی دادگایان دەکات. پاش دەرچونی فەرمانی دەستگیرکردن بۆ زارا محەمەدی و پێش ئازادکردنی بە کەفالەتی ۷۰۰ ملیۆن تمەن، ئەنجومەنی نۆژین لە ڕێکەوتی ۷-۱-۲۰۲۲ بەیاننامەیەک لە وێب سایت و سۆشیال میدیای فەرمیی خۆیان بڵاو دەکەنەوە و دەڵێن "یەکلابونەوەی حوکمی زیندانیی خاتو زارا موحەممەدی وێڕای نەبونی هیچ بەڵگەیەک، دەرخەری ئەوەیە کە گوتاری زاڵ بە هەمو توانایەوە دەستی داوەتە پاکتاوکردنی شوناسی کورد". (بەیاننامەی فەرمیی ئەنجومەنی نۆژین). ئەوەی لێرەدا ڕونە، هەنگاوەکانی بەهێزبونی شوناسی کوردبون وەکو مەترسییەک تەماش دەکرێت لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، بونی چەمکی چالاکیی دژی "ئاسایشی نیشتمانی" لە بڕیاری کۆتایی دادگای سنە ئاماژەیەکی ڕونی بەئاسایشکردنی پرسی کوردە و ڕوانینە لە شوناسی کوردی وەکو هەڕەشەیەک کە دەبێت لەناوببردرێت. ئەم پرۆسەیە لە ڕابردو تاوەکو ئێستا لە دەوڵەتی ئێران لە لایەن دەستەبژێری ناو دەسەڵات وەکو ئەکتەری بەئاسایشکردن سەرقاڵی جێبەجێکردن و لە ناوبردنی هەمو ئەو چالاکوانە کوردانەن کە کار بۆ ژیاندنەوە و پاراستنی زمان و فەرهەنگی کوردی دەکەن لە ئێران.

### ۳. ۳ بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە سوریا

لە دەوڵەتی سوریا، هەمان تێڕوانین بۆ پرسی کورد هەیە، لە مێژوی نزیک و هاوچەرخی دەوڵەتی سوریا، کوردەکان قوربانیی پرۆسەی بەئاسایشکردنن و هەمیشە وەکو مەترسییەک لەسەر یەکگرتویی خاکی سوریا تەماشا کراون. سیاسەتی بەئاسایشکردنی کورد لە سوریا زیاتر لە پرۆسەی تەعریب کردن و بێبەشکردنی کورد لە ناسنامە و دابەشکردنی زەویەکانیان بەسەر عەرەبدا ڕەنگیدایەوە. ستراتیژی ڕژێمی حوکمڕانی سوریا لەگەڵ کوردی سوریا، هەوڵدان بو بۆ تواندنەوەی شوناسی کوردی لەڕێگەی بێناسنامەکردنی کورد و داگیرکردنی خاکی کورد بە پلەی یەک. ئەم ستراتیژە بۆ یەکەمجار لە لایەن ملازمی یەک "محمد طلب هلال" پێشنیازکرا کە قوتابییەکی بەتوانای میشیل عەفلەق و صلاح بەیتار دەبێت، وەکو بیرمەندانی دیاری هزری بەعسی عەرەبی. ملازم محەمەد کە بەرپرسی هۆبەی ئاسایشی سیاسی بووە لە قامیشلی، هاوکات بەرپرسیاریەتیی سیاسی و سەربازیی گەورەی لە قۆناغە جیاوازەکان وەرگرتووە، تاوەکو دەبێتە وەزیری کشتوکاڵ و جێگری سەرۆکوەزیران لە ساڵی ۱۹۷۱. پێشنیازەکانی محمد طلب هلال، بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە تواندنەوەی شوناسی کوردی بەستبوو لە ناو شوناسی یەکپەتیی عەرەبی، لە هەر سێ ئاستی سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی، بە تایبەت لە پارێزگای "حەسەکە" لە ساڵی ۱۹٦۳. محمد طلب هلال پێیوابو "کوردەکان بەرهەمی کۆلۆنیالیزمن، بۆیە دەبێت پیلانێکی ورد هەبێت بۆ سڕینەوەی مەترسیی کورد لەسەر نەتەوەی عەرەب، بەتایبەت لە باکوری سوریا، بۆیە پرۆژەیەکی ۱۲ خاڵی، وەکو چارەسەر بۆ لەناوبردنی مەترسیی کورد پێشکەش دەکات "(Juli, 2017, p.72 ).

ناوەرۆکی ستراتیژی ملازم محمد خۆی لە ۱۲ خاڵی سەرەکی دەبینێتەوە کە هەنگاو بە هەنگاو لەڕێگەی مەرسومی کۆمارییەوە لە ساڵانی دواتر بە شێوەیەکی سیستەماتیکی جێبەجێ کران. خاڵە سەرەکییەکانی ستراتیژی ملازم محمد، کە دواتر بە ستراتیژی "پشتێنەی عەرەبی" ناسێنرا، خۆی لەم خاڵانە دەبینییەوە: "ستراتیژی نەخوێندەواری لە ناوچە کوردییەکان، سیاسەتی کۆچکردنی بەزۆری کوردەکان و بڵاوە پێکردنیان، بێبەشکردنی پێدانی ناسنامە بەو کەسانەی کە نزیکن لە سنوری تورکیا، داخستن و نەهێشتنی دەرفەتەکانی کارکردن لە شارە

کوردییەکان، ئەنجامدانی کەمپینی بەرفراوان لە ئاستی گشتی بۆ مەترسیی ناساندنی کورد، تاوەکو بەردەوام لە دۆخێکی ناسەقامگیر بن، هەوڵدان بۆ دروستکردنی شەڕی ناوخۆیی لە نێوانیان، بردنی عەرەب بۆ ناوچە کوردییەکان و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیارانی عەرەب. ناوچەی باکوری جەزیرە بکرێتە ناوچەیەکی سەربازی، ڕێگەدان بە مومارەسەرکردنی دەنگدان و هەڵبژاردن تەنها بۆ ئەو کەسانەی بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن، ڕێگەنەدان بە پێدانی ناسنامە بۆ دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان"( Juli, 2017, p. 72). ئەم ستراتیژە بۆ توانەی شوناسی کوردی لە چوارچێوەی پرۆسەی بەمەترسی ناساندنی کورد و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی هەڕەشەی کورد لەسەر یەکگرتویی شوناسی عەرەبی لە سوریا، لەڕێگەی سەرۆکایەتیی کۆمارەوە، لە ئاستی بەرز جێبەجێکرا. بۆ نمونە: مەرسومی کۆماری ژمارە (٩٣) لە ڕێککەوتی ٢٣-٨-١٩٦٣ لەسەردەمی سەرۆکایەتیی نازم قودسی دەرچو، کە بەهای بەرزی یاسایی هەبو؛ ئەم مەرسومە بڕیارێکی سیاسی بو بۆ ئەنجامدانی سەرژمێرییەکی بەپەلە بۆ دانیشتوانی کورد و پێدانی ناسنامە و دەستنیشانکردنی کوردە بیانییەکان لە ناوچەی جەزیرە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا. ئەم مەرسومە کۆمارییە پشتئەستور بو بە مەرسومی یاسایی ژمارە (١) لە ڕێککەوتی ٣٠-٤-١٩٦٢ و ئەم چەند هەنگاوە جێبەجێ کرا: سەرژمێرییەک بۆ کوردانی پارێزگای حەسەکە لە ماوەی یەک ڕۆژدا ئەنجامدرا و کوردان بەسەر کوردانی سوریا، کوردانی بیانی، کوردانی بێپێشینە لەڕوی ناسنامەوە، دابەشکران. ئەم پرۆسەی سەرژمێرییە بووە مایەی بێبەشکردنی ١٥٠ هەزار کورد لە ناسنامە. پێنەدانی ناسنامە بە واتای بێبەشکردنی کورد بو لە هەمو مافێکی سیاسی و مەدەنی و ئابوری، وەکو خەڵکانێکی بیانی ناسێنران، کە دەبێت کەنارگیر بکرێن، چونکە مەترسین لەسەر ئاسایشی دەوڵەت.

لە هەمان چوارچێوەدا و لەسەر هەمان ستراتیژی ملازم محمد طلب هلال، لە ٢٤ ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٤) بە بڕیاری سەرکردایەتیی حیزبی بەعسی سوری، بڕیاری ژمارە (٥٢) دەردەچێت بۆ دابەشکردنی زەویی کورد بەسەر جوتیارانی عەرەب، لەژێر ناونیشانی چاکسازیی کشتوکاڵی. ئەم پرۆسەیە بووە مایەی بەخشینی ملیۆنێک دۆنم زەویی کورد لەسەر سنوری تورکیا بە قووڵایی ١٥ کیلۆمەتر و درێژایی ٢٧٥ کیلۆمەتر، بەسەر جوتیارانی عەرەبی هاوردە لە ناوچە کوردییەکان. ئەمەش بووە دەسپێکی گۆڕانکارییەکی دیمۆگرافیی گەورە لە ناوچە کوردییەکان و کاریگەرییەکی گەورەی لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی خەڵکی کورد دروستکرد. بۆیە ڕۆژی ٢٤ مانگی حوزەیران بە ڕۆژێکی ڕەش لە مێژوی کورد لە سوریا ناسێنراوە؛ نزیکەی ٤٠ ناوچە لە مەنبەج و دەوروبەری بەسەر عەرەبەکان دابەشکرا و بۆ هەر ناوچەیەک نزیکەی سەد خێزانی عەرەب جێگیرکران. ئەم بڕیارە قۆناغی دووەمی جێبەجێکردنی ستراتیژی لاوازکردن و تواندنەوەی شوناسی کورد بو لە سوریا کە بۆ هەمیشە دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی کوردەکانی گۆڕی. ئەم دو بڕیارەی سەرەوە، بەرزترین ئاستی کارکردنی دەسەڵاتی سوریا بو بۆ بەمەترسی ناساندنی پرسی کورد و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی کورد و تواندنەوەیان لە ناوچەکانی خۆیاندا. ئەمانە بەڵگەی ئاشکران، کە ڕژێمی سوریا شوناسی کوردی وەکو هەڕەشەیەکی ئاسایشی بینیوە، نەک وەک پرسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە، کە هەموان لە چوارچێوەی یاسا و دەستوری کارپێکراودا مافی مومارەسەکردنی مافە سیاسی و ئابوری و کلتورییەکانیان هەیە.

### ٣. ٤ بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە تورکیا

لەگەڵ دروستبونی دەوڵەتی تورکیا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، هەوڵەکان بۆ لاوازکردن و نکۆڵیکردن لە شوناسی کورد لە ئاستی جیاواز، جێبەجێ کراون و بەڵگەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوی سەد ساڵی دروستبونی دەوڵەتی تورکیا یەکجار زۆرن، لێرەدا تەنها جەخت دەکەینە سەر دەستوری تورکیا وەک نمونەی بەئاسایشکردنی پرسی کورد و ڕوانین لە کورد وەکو هەڕەشەیەکی ئاسایشیی. تورکیا لە تەمەنی سەد ساڵی دامەزراندنیدا، چوار دەستوری هەبووە: ئەوانیش دەستوری ساڵی ١٩٢١، دەستوری ساڵی ١٩٢٤، دەستوری ساڵی ١٩٦١ و پاشان دوایین دەستور لە ساڵی ١٩٨٢. هەرچوار دەستور لە ژێر سایەی ڕژێمی نادیموکرات و دۆخی تەواو نائاسایی نوسراونەتەوە. ئەگەر لە دوایین هەمواری دەستوری تورکیا کە لە بەرواری ١٦-٤-٢٠١٧ ئەنجام درا بڕوانین، لە بەشی یەکەم بەناوی پرەنسیپە گشتییەکان و لە ئاستی دەوڵەت بەم شێوازە پێناسەی تورکیا دەکرێت لە ماددەی سێیەمی دەستوری تورکیا. "تورکیا وەکو نەتەوە و بەو خاکەی ئێستا هەیەتی، کیانێکی دابەشنەکراوە، زمانی دەوڵەت تورکیە". هەروەها لە ماددەی چوارەم ئاماژە بەوە دەکات کە "کە ماددەکانی یەک، دوو، سێی دەستوری تورکیا بە هیچ جۆرێک شایەنی هەموارکردن و پێشنیازی هەموارکردن نین". لە ماددەی پێنجەمی تورکیا بە ڕونی ئاماژە بەوە دەکات کە "ئەرکی سەرەکیی دەوڵەتی تورکیا بریتییە لە پاراستنی سەربەخۆیی و یەکگرتویی خاکی نەتەوەی تورک". ئەم دەستورە کە درێژکراوەی دەستوری ساڵی ١٩٨٢ە، نەک تەنها دەستورێکی نادیموکراتە، بەڵکو نامۆیە بە هەمو پێوەرێکی سیاسی و مرۆیی، چونکە دەیان ملیۆن کورد کە لە سنوری ئێستای دەوڵەتی تورکیا دەژین بە نەتەوەی تورک دەناسێنێت، بێجگە لەوەش، لەم دەستورە یەک زمان لە تورکیا هەیە، کە زمانی تورکییە.

لە لایەکی دیکەوە، کاتێک دێتە سەر بەشی ماف و ئەرکە سیاسییەکانی هاونیشتمانی، لە ماددەی ٦٦ ی دەستوری تورکیا دەڵێت "هەمو تاکێک بە دەوڵەتی تورکیاوە بەستراوەتەوە، ئەوەیش لەڕێگەی پەیوەندیی هاووڵاتیبونەوە کە تورکیە". لێرەدا هەرکەسێک لە تورکیا دەژیێت بە هاووڵاتییەکی تورکی هەژمار دەکرێت. زیاتر لەوەش لەم بەشەدا هیچ جیاکارییەک لە نێوان مافە کولتوری و مافە سیاسییەکان نییە و هەردوکی تێکەڵکراوە. واتە نەک دان بە پراکتیزەکردنی مافی کلتوریی نەتەوەکانی دیکەدانانێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا چونکە شتێک نییە بەناوی کورد و کەمە نەتەوەی دیکە لە تورکیا؛ هەر چالاکییەک ئاماژە بە بونی

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp341-353

شوناس و نەتەوەیەکی دیکە بکات، جگەلە تورک، هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر دەوڵەت و نەتەوەی تورک و ئەرکی دەوڵەتی تورکیایە کە ڕێگری بکات. بۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە دەستوردا وەکو بەهێزترین دیکۆمێنتی یاسایی کۆمەڵێک سیاسەتیان پەیڕەو کردووە بە جۆرێک "حکومەتە یەکلەدوایییەکەکانی تورکیا ڕەتیان کردەوە دان بە بونی کورد وەکو کەمینەیەکی نەتەوەیی خاوەن شوناسی جیاواز لە تورکیادا بنێن و هەمیشە بە تورکە شاخاوییەکان دەیانناساندن " (Watson, 2012, p. 20). هەمو ئەمەش بە ئامانجی ئینکارکردنی شوناسی کورد و ڕەتکردنەوەی داننانە بە کورد وەک نەتەوە. بە واتایەکی دیکە ناساندنی کوردەکان بە تورکی شاخاوی لوتکەی بەئاسایشکردن و بەمەترسی زانینی شوناسی کوردە لە دونیای هاوچەرخ کە دەوڵەتێکی نادیموکرات بەرامبەر کەمە نەتەوەیەکی ئەنجام بدات.

لە چوارچێوەی بەئاسایشکردنی پرسی کورد، ئەنجامی نکۆڵیکردن لە بونی کورد لە تورکیا، هەروەها بەکارهێنانی توندوتیژی و پرۆسەی بەتورککردن، سەرهەڵدان و ناکۆکیی سیاسی و سەربازیی گەورە لە تورکیا ڕویداوە، بەڵام ئەم ناکۆکی و شەڕە سیاسیانە نەک تورکیای ناچار بە دانان بە نەتەوەی کورد نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەردەوام بووە لە ناساندنی پرسی بەئاسایشکردنی کورد وەکو مەترسییەک بۆ گەل و نەتەوەی تورک. بۆ نمونە لە چوارچێوەی شەڕی پارتی کرێکارانی کوردستان و تورکیا، سەرۆک ئۆزاڵ لە نامەیەکدا لە ساڵی ١٩٩٣، کە بۆ سەرۆکی حکومەتی دەنێرێت و دەڵێت، "کۆماری تورکیا ڕوبەڕوی گەورەترین هەڕەشە دەبێتەوە لە مێژوی خۆیدا، ئەوەی ڕودەدات بومەلەرزەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورەیە کە ڕەنگە ببێتە مایەی کەرتبونی بەشێک لە جەستەی خاکی تورکیا، ئاگرێکە هەمومان لە ژێریەوە دەسوتێین"(Pope, 1993, p.28). لەو نامەیەدا داکۆکیی کورد لە پاراستنی شوناسی کورد وەکو گەورەترین هەڕەشە تەماشا دەکات و داوای لەناوبردنی ئەو هەڕەشەیە دەکات لەڕێگەی سەربازییەوە. ئەم هەڵمەتە بۆ بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە ئاستی جیاواز لە لایەن دەوڵەتەوە جێبەجێکرا و هەوڵیاندا کە تاک و کۆمەڵگەی تورکی تێبگەیەنن کە کوردەکان هەڕەشەن لەسەر مانەوە و یەکگرتوویی خاک و زمانی تورک. بۆ نمونە "ڕێکخراوە تورکییەکان وەک ئەکتەری بەئاسایشکردن ڕۆڵیان دەبینی، پرسی کوردیان وەک مەترسی پێناسە دەکرد بە شێوازێکی زۆر ئاسایشیانە، یاخود هەندێک جار وەکو کێشەی تیرۆر دەیانناساند کە پێویستە بە ڕێوشوێنی نائاسایی و تەواو ئەمنی هەوڵی لەناوبردنی بدرێت(Kaliber & Tocci, 2010, p. 198) ". بە واتایەکی دیکە سەد ساڵ، سەرکوتکاریی گەورە بۆ لێدان و لەناوبردنی زمان، کولتور و شوناسی کوردی، بەشێک بووە لە ئەجێندایەکی گەورەتر ئەویش سڕینەوەی بەربەستی کوردە لە بەردەم دروستکردنی یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە لە تورکیا، سوریا، ئێران و عێراق. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، بەئاسایشکردن و بە مەترسی ناساندنی کورد لە بیرکردنەوەی تاک و کۆمەڵگە و هەوڵدان بە شێوازی نائاسایی بۆ لەناوبردنیان باشترین و گونجاوترین ستراتیژ بووە کە جێبەجێ کراوە.

## ئەنجام

پرۆسەی بەئاسایشکردن لای قوتابخانەی کۆپنهاگن، باشترین چوارچێوەی تیۆرییە بۆ شیکردنەوە و پەسنکردنی ئەو ستراتیژەی لەلایەن دەوڵەتانی تورکیا، عێراق، سوریا و ئێران بەرامبەر بە کورد گیراوەتە بەر لە مێژوی نزیک و هاوچەرخ. بە واتایەکی دیکە ستراتیژە سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتان، وەکو لە سەرەوە خراوەتەڕو، تەنها هەوڵدان نەبوە بۆ پاراستنی نەتەوەی تورک و فارس و عەرەب، بەڵکو بە ڕوانگەیەکی ئاسایشیی زۆر توندڕەو هەوڵدان بووە بۆ سڕینەوەی شوناسی کوردی، کارکردن بووە بۆ ناساندی کورد وەک هەڕەشە. جینۆسایدکردن و ئەنفالکردنی کورد بەرهەمی بە ئاسایشکردنی پرسی کوردە. ناساندنی کورد لە زیهنیەتی تاکی تورک وەکو تورکی شاخاوی، بێبەشکردنی کورد لە ناسنامە و خاک لە سوریا، ناساندنی کورد وەکو خێلی کۆچبەر لە زیهنیەتی تاکی فارس، ناساندنی کورد وەکو مەڕ و بزن کە دەبێت بکوژرێن یاخود لە شاخەکان بژین لە عێراق، هیچ ڕونەکردنەوەیەک هەڵناگرێت جگە لە بەئاسایشکردنی شوناسی کورد لەلایەن هەر چوار دەوڵەتانی دەوروبەر، کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە. هەروەها پرۆسەی بەئاسایشکردنی پرسی کورد لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێ بۆ بەهێزکردن و مانەوەی خۆیان، بووە مایەی دروستبونی کەلێنێکی گەورەی نەتەوەیی و کاریگەریی گەورەی لەسەر دابڕانی کوردەکان دروستکرد لە هەر چوار دەوڵەت. پرۆسەی بەئاسایشکردنی کورد یەک ڕاستی دەسەلمێنێت، ئەویش ئەوەیە، کە دەوڵەتانی دەوروبەری کورد ئەگەر ئامادەبن بۆ قبوڵکردن و پراکتیزەکردنی مافەکانی کورد، تەنها لە چوارچێوەیەکی کولتوری ئامادەن قبوڵی بکەن، بەڵام هەر کاتێک کوردەکان بیانەوێت بە شێوەیەکی یاسایی و سیاسی و لە چوارچێوەی دەسەڵات و خۆ بەڕێوەبردن پراکتیزەی مافەکانی خۆیان بکەن، ئەمە ڕاستەوخۆ وەکو هەڕەشەیەکی گەورەی ئاسایشیی لەلایەن ئەو دەوڵەتانە هەژمار دەکرێت. لێرەدا تاکە ڕێگەچارە بۆ گەیشتنی کورد بە بەشێک لە مافە سیاسی و ئابوری و کلتورییەکانی، بریتیە لە بەنائاسایشکردنی پرسی کورد (de-securitization)، وەکو ئەوەی لە قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاماژەی پێدراوە، دەرهێنانی داخوازی و مافی کورد لە چوارچێوەی مەترسیی ئاسایشی، هەوڵدان بۆ لادانی هەمو ئەو ڕێوشوێنە ئەمنی و سیاسی و سەربازییە نائاسایانە، کە بەرامبەر بە بونی کورد دەگیرێنەبەر. بە واتایەکی دیکە گۆڕینی ستراتیژی بە دوژمنکردنی کورد و مامەڵە لەگەڵ پرسی کورد وەک پرسێکی ئاسایی کە دەتوانن لەگەڵ نەتەوە سەرەکییەکان پێکەوە بژین چارەسەرە نەک هەوڵدان بۆ لاوازکردن و بەئاسایشکردنی کورد. هەنگاوی بەنائاسایشکردنی کورد، دەشێت دەستپێکێک بێت بۆ چارەسەری سیاسیی درێژخایەن، وەکو دروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵی و هاوبەشیکردنی دەسەڵات بەشێوەی سنوردار و ڕێگەدان بە ومارەسەکردنی مافی ئابوری و کولتوری و سیاسی، بەبێ خواستی سەربەخۆبون. ئەزمونی هەرێمی کوردستان لەناو دەوڵەتی عێراق بەڵگەیە لەوەی دەشێت پرسی کورد تەنیا لەڕێگەی ژیانکردن لە

چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی چارەسەر بکرێت، نەک بەئاسایشکردنی پرسی کورد و بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکاری دژی شوناسی کورد.

## سەرچاوەکان


کرمانج، شێرکۆ، ٢٠٢٢، دوای سەد ساڵ لە سیڤەر، کورد لە کوێوە بۆ کوێ؟ سلێمانی: دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان.

ئەحمەد، زوبێر، ٢٠٢٢، هەرێمی کوردستان و دراوسێکانی: چ جۆرە پەیوەندییەک؟ هەولێر: سەنتەری توێژینەوەو راپرسی کوردستان٢٤.

عبدالجبار ، فالح ، ٢٠٠٦. الاثنية والدولة: الأكراد في العراق وايران و تركيا. بيروت: ترجمة: - عبدالاله النعيمي، معهد الدراسات الاستراتيجية، الفرات للنشر والتوزيع.

جولي، وليد، ٢٠١٧، ميكافيليّة البعث في واقع الإحصاء ومشروع محمد طلب هلال، مؤسسة باير الاعلامية، دراسة في العدد (72).

Balzacq, T. 2011. A theory of securitization Origins, core assumptions, and variants. In Securitization Theory: How security problems emerge and dissolve. Ed. Balzacq, T. New York: Routiedge.

Balzacq, T. Léonard, S. & Ruzicka, J. 2016. Securitization' revisited: theory and cases, International Relations, 30(4).

Buzan, B. et al. 1998. Security: A New Framework for Analysis. Boulder, Colorado: Lynne Rienner.

Eroukhmanoff, C. 2017. Securitisation Theory: An Introduction. In International Relations Theory Ed. Mcglinchey, S. Walters, R & Scheinpflug, C. London: E-International Relations publishing.

Huysmans, J. 1995. Migrants as a Security Problem: Dangers of Securitizing Societal Issues. In Migration and European Integration: The Dynamics of Inclusion and Exclusion, ed. Miles, R. & Thranhardt, London: Pinter Publishers.

Kaliber, A. and Tocci, N. 2010. Civil Society and the Transformation of Turkey's Kurdish Question, Security Dialogue, 41(2).

Kangas, T. and Bucak, S. 1995. Killing of a mother tongue: How the Kurds is deprived of linguistic human rights, in Kangas, T. &Phillipson, R. (ed.) Linguistic human rights: overcoming linguistic discrimination. Berlin & New York: Mouton deGruyter.

Kramsch, C. 1998. Language and Culture. Oxford: Oxford University Press.

Kymlicka, W. 2002. Multiculturalism and Minority Rights: West and East, Journal on Ethno-politics and Minority Issues in Europe, 4(1).

Leonard, S. & Kanuert, C. 2011. Reconceptualizing the audience in securitization theory. In Securitization Theory: How security problems emerge and dissolve. Ed. Balzacq, T. New York: Routiedge.

McDonald, M. 2008. Securitization and the Construction of Security. European Journal of International Relations, 14(4).

Nyman, J. 2013. Securitization Theory. In Critical Approaches to Security: An introduction to theories and methods, ed. Shepherd, L. London & New York: Routledge.

Raymann, C. 2014. Securitization of Islam: A Vicious Circle: Counter-Terrorism and Freedom of Religion in Central Asia. Zurich: Transcript Verlag.

Roe, P. 2004. Securitization and Minority Rights: Conditions of Desecuritization, Security Dialogue, 35(3).

Vultee, F. 2011. Securitization as a media frame: what happens when the media speak security? In Securitization Theory: How security problems emerge and dissolve. Ed. Balzacq, T. New York: Routiedge.

Waever, O. 1996. European Security Identities, Journal of Common Market Studies, 34(1).

Watson, S. 2012. Agents in Search of an Actor: Societal Security for the Palestinians and Turkish Kurds, University of British Columbia, available at: http://www.ligi.ubc.ca/sites/liu/files/Publications/Watson_ISA.pdf

Waver, O. 1995. Securitization and De-securitization. In on security, ed. Lipschutz, New York: Columbia University Press.

Weaver, O. 1993. Identity, Migration, and the New Security Agenda in Europe, London: Planter.

Wilkinson, C. 2011. The limits of spoken words: from meta-narratives to experiences of security, in Securitization Theory: How security problems emerge and dissolve. Ed. Balzacq, T. New York: Routiedge.

Williams, M. 2003. Words, Images, Enemies: Securitization and International Politics. International Studies Quarterly, 47(1). Pope, H. 1993. Voice from grave airs a Kurdish solution: Ozal letter published advocating forced migration to defeat PKK, The Independent, available at: http://www.independent.co.uk/news/world/voice-from-grave-airs-a-kurdish-solution-ozal-letter-publishedadvocating-forced-migration-to-defeat-pkk-1503951.html.

Genocide in Iraq, the Anfal Campaign against the Kurds, A Middle East Watch Report, Human Rights Watch, New York · Washington · Los Angeles · London: July 1993 by Human Rights Watch.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp341-353